وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانكۆی سەلاحەددین/ كۆلێژی ئاداب

بـەشـی كۆمەڵناسـی - ئێواران

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

**دەرسگوتاری:**

# زانستی سزا

## قۆناغی چوارەمی بەشی كۆمەڵناسی

**مامۆستایی بابەت:**

**پ.ی.د. زانا أحمد پیرداود**

**م. ی. روستم صابر مصطفى**

# پێرست ( ناوەڕۆك )


| ناونیشان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێرست (ناوەڕۆك) | ١-٢ |
| **بەشی یەکەم:** دەستنیشانکردنی چەمکەکان | ٣-١٣ |
| **یەکەم: زانستی سزا** | ٣ |
| دووەم: سزا (پێناسە، بنەماکانی، ئامانجەکانی، جۆرەکانی) | ٤ |
| سێیەم: بەندیخانە (پێناسە وەکو شوێن و وەك سزا، هۆکارەکانی زیابوونی گرنگی ڕۆڵی دامودەزگا سزاییەکان) | ٩ |
| چوارەم: بەندکراو (چەند پێناسەیەك) | ١٠ |
| پێنجەم: چاکسازی (چەند پێناسەیەك) | ١١ |
| شەشەم: چەمکی ڕاهێنان (پێناسە، بنەماکانی) | ١٢ |
| **بەشی دووەم:** کورتەیەك دەربارەی سەرهەڵدان و پێشکەوتنی زانستی سزا | ١٤-١٧ |
| ١- گرنگی توێژینەوەی زانستی سزا | ١٥ |
| ٢- هۆکارەکانی پێشکەوتنی زانستی سزا (ڕۆڵی کەنیسە، بیرۆکەی دیموکراسی، پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە زانستە پەیوەندارەکان بە زانستی سزا و بەرزبوونەوەی توانای دارایی دەوڵەت) | ١٥ |
| ٣- قۆناغەکانی پێشکەوتنی زانستی سزا (قۆناغی ماددی، قۆناغی کەسی، قۆناغی ماددی و کەسی) | ١٦ |
| ٤- یاسایەکانی تایبەت بە جێ بەجێ کردنی سزا | ١٧ |
| ٥- سەرچاوەکانی زانستی سزا | ١٨ |
| **بەشی سێیەم:** دامودەزگا سزاییەکان | ١٨-٣١ |
| باسی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی دامودەزگا سزاییەکان | ١٨ |
| باسی دووەم: سیستەمەکانی دامودەزگا سزاییەکان: | ١٩ |
| ١- سیستەمی کۆمەڵی (ناوەڕۆکی، چاکی، خراپی). | ١٩ |
| ٢- سیستەمی بەتەنهایی: (ناوەرۆکی، چاکی، خراپی). | ٢١ |
| ٣- سیستەمی تێکەڵاو: (ناوەرۆکی، چاکی، خراپی). | ٢٣ |
| ٤- سیستەمی پلەدار: (ناوەڕۆکی، چاکی، خراپی) | ٢٤ |
| باسی سێیەم: جۆرەکانی دەزگا سزاییەکان | ٢٦ |

| ناونیشان | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ١- دەزگا سزاییە داخراوەکان: (ناوەرۆکی، هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی، چاکی، خراپی) | ٢٧ |
| ٢- دەزگا سزاییە کراوەکان: (ناوەرۆکی، مەرجەکانی، چاکی، خراپی) | ٢٨ |
| ٣- دەزگا نیمچە کراوەکان: (ناوەرۆکی، چاکی، خراپی) | ٣٠ |
| ٤- قوتابخانەکانی زانستی سزادان | |
| بەشی چوارەم<br>باسی یەکەم: سیستەمە سزاییە جێگرەوەکان: | ٣٢ |
| ١- ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزا. | ٣٢ |
| ٢- تاقیکردنەوەی دادگایی. | ٣٤ |
| ٣- پاڕۆل | ٣٦ |
| باسی دووەم: هەڵوێستە خۆپارێزەکان. | ٣٨ |
| سەرچاوەکان | ٤٤ |
| | |

## بەشی یەکەم

## دەستنیشانکردنی چەمکەکان

### یەکەم: زانستی سزا چیە؟

- بریتییە لە کۆمەڵێک بنەما بۆ دیاریکردنی شێوەی جێبەجێکردنی سزاکان و ڕێکارەکانی خۆپاراستنی پێشوەختە (تدابیر الاحترازیە)بۆ بەدستهێنانی ئامانجەکانی سزا.

- بریتییە لەو زانستەی کە بابەتی لێکۆڵینەوەی سزا تاوانییەکان، بۆ دیاریکردنی شێوازی مامەڵەکردنی گونجاو لەگەڵ تاوانباران بەمەبەستی هێنانەدی ئامانج لە سەپاندنی سزاکان.

- زانستی سزا: ئەو زانستەیە کە پسپۆڕە لە توێژینەوەی ئامرازەکانی سزادان و نەهێشتنی ڕەفتاری تاوانکاری و مامەلەکردن لەگەڵ بەندکراوان.

لەپێناسەکاندا دەگەین بە دوو دەرئەنجام بۆ تێگەیشتن لە زانستی سزا:

١- زانستێکە گرینگی دەدات بە سزای تاوانکاری بەهەردوو شێوەیەوە کە بریتیین لە سزاکان و ڕێککارەکانی خۆپارستنی پێشوەختە، واتە...دەستنیشانکردنی باشترین و گونجاوترین سزا و ڕێوشوێنەکانی ڕێگرتن لە تاوان.

٢- گرینگیدانە بە شێوەی جێبەجێکردنی سزای تاوانکاری بەشێوەیەک ببێتە مایەی هێنانەدی ئامانجەکان لەسەپاندنی سزاکان، و ڕێگرتن لە تاوانباران لە داهاتوودا بۆ ئەوەی جارێکیتر تاوان ئەنجام نەدەنەوە.

هەموو ئەم پێناسانەی ئاماژەمان پێدان لەدیدی یاساناسان بوون، بەڵام ئەم بابەتە لەدید و ڕوانینی کۆمەڵناسان و دەروونناسان دەتواندرێت پێناسەی تری بۆ بکرێت. ئەمەش دوای ئەوەی کەسی تاوانبار سزای زەوتکردنی ئازادی بەسەردا دەسەپێندرێت و دەگوازرێتەوە بۆ نێو دامودەزگای چاکسازی، دەتوانین بڵێین (بریتییە لەو شێواز و مامەڵە گونجاو تەندروستانەی لەنێو دامودەزگای چاکسازی لەگەڵ سزادراو ئەنجام دەدرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان، ئامانجەکانیش بریتیین لە کەمکردنەوە و نەهێشتنی مەترسی دووبارە ئەنجامدانەوەی تاوان و شیاندنەوەی سزادراو بۆ ئەوەی کاتێک دەگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگا تاکێکی بەسودبێت.ئەمەش لە ڕێگای ئەم بەرنامە و پرۆگرامە چاکسازییانەی کە بۆ کەسی تاوانبار ئەنجام دەدرێت لەکاتی بەسەربردنی ماوەی سزا لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەم بوارە). یان بەکورتی دەتوانین بڵێین زانستی سزا ئەو زانستەیە کە بایەخ بە توێژینەوەی سزای بەندکردن و چۆنییەتی چاکسازی بەندکراوان دەدات.

## دووەم: پێناسەی چەمکی سزا لە ڕووی یاساییەوە:

١- سزا: بریتییە لە سزایەکی تاوانی، یاسادانەر بڕیاری لە سەر دەدات سەبارەت بەو کەسەی بەرپرسیاریەتی دەسەلمێنرێت بەرامبەر تاوان و پێویستە بڕیارێکی دادگایی پێ دەربچێت.

٢- بڕێکە لە ئازار کە کۆمەڵگا دەیسەپێنێتە سەر ئەنجامدەری تاوان لە ڕێگای دەستەی دادوەریەکانیەوە.

٣- سزا بریتییە لە سزایەکی تاوانی، ئازاردانێکی مەبەستداری تێدایە یاسا بڕیاری لەسەر دەدا و دادوەر دەیسەپێنێ لە سەر هەرکەسێ بەرپرسیاری بسەپێنی سەبارەت بە تاوان.

٤- بریتییە لە سزایەکی کۆمەڵایەتی یاساییە کۆمەڵگا دەیسەپێنێتە سەر ئەنجامدەری تاوان بۆ ڕێگرتنی لە گەڕانەوە بۆ تاوان و چاوترساندنی خەڵك لە ئەنجامدانی تاوان.

٥- سزا: ئەو سزایەیە کە یاسا بە ناوی کۆمەڵگەوە لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگا بڕیاری لە سەر دەدات؛ بەرامبەر ئەو کەسانەی کە بەڕاستی تاوانیان کردووە بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگا لە لایەکەوە، چاکسازی و ڕاهێنانی تاوانبار لەلایکی ترەوە.

## بنەما سەرەکییەکانی سزا ( پرەنسیپە گشتییەکانی یاسای تاوانی ):

- ئەو بنەمایانەی کە بە بەردی بناغەی سزان جیاوازی هەیە لەگەل بنەما جیاکەرەوەکانی سزا

## ١- ڕەوایەتی سزا:

ئەم بنەمایە لەسەر ئەو سەرچاوە دەستورییە گرنگە داڕێژراوە کە دەڵێت؛ تاوان و سزا دەبێت لەسەر بناغەی دەقی یاسایی دەستنیشان بکرێن. بەواتای ئەوە؛ دەبێ یاسایەك هەبێت ئەو کردەوەی کە کەسی تاوانبار ئەنجامی داوە بە تاوان لە قەلەم بدات، جگەلەمەش دەبێ سزاکەی دیاریکردبێت، ئەگەر نا ناتوانرێت تاونبار سزا بدرێت، واتا **یاسادانەر** بەتەنها خاوەن بڕیارە لەدیاریکردنی جۆری سزاو بڕەکەی بۆ هەر تاوانێك، هەر ئەویش دەسەڵاتی هەریەك لە دادوەر و لایەنی جێبەجێ کردنی سزا دیاری دەکات، چ لە دەستنیشانکردنی سزا یاخود جێبەجێکردنی بێت، ئەم پرەنسیپە لەڕاستیدا بڕیار دراوە بۆ پارێزگاری کردن لە ئازادی تاکە کەسی لە دژی زێدەڕۆیی و خراپ بە کارهێنانی دەسەلاتی دادوەر، ئەم بنەمایە بڕیاری لە سەر دراوە لەلایەن یاسا دانەری عێراقی لە یاسای سزاییەکانی بەندی یەك و بەندی (٤٥) لە دەستوری عیراقی ساڵی ١٩٧٠. لا جريمة ولا عقوبة الا بنص قاوني.

## ٢- دەبێ سزا دادگایی بێت:

مەبەست لێی ئەوەیە کە دەبێ بڕیاردانی سزا بەپێی بڕیارێك بێت کە لەلایەنێکی تایبەت و سەربەخۆ دەربچێت، کە ئەمەش دەسەڵاتی دادگاییە. هەروەك لە دەستوری عێراقی هاتووە کە هیچ کەسێ ناتوانرێ(حجز) یان (توقیف) یان (حبس)یان (سجن) بکرێت تەنیا بەبڕیارێ نەبێ کەدەرچووە لەلایەنێکی دادگایی. بەم جۆرە ئەگەر گومانکراویش دان بە تاوانێکدا بنێت ئەوا دەسەڵاتی پۆلیس و دادوەری گشتی بۆیان هیچ سزایەکی نێو یاسای سزاکان بەسەر ئەو کەسەدا جێبەجێ بکەن، بەڵکو دەبێت بەرزی بکەنەوە بۆ دەسەڵاتی قەزائی تا بڕیاری لەسەر بدات بە دیاریکردنی جوری سزا و بڕەکەی.

## ٣- کەسایەتی سزا:

واتا تەنیا کەسی تاوانبار دەبێ سزا بدرێت جا خۆی کردبێتی یان بەشداری تیا کردبێت، نابێت هیچ کەسێکتر دوور بێت یان نزیك لە تاوانبار سزا بدرێت وەك (باوك، برا، خوشك، دایکو مام، خاڵ، خزم...هتد).لەم بنەمایە هاتووە، ئەگەر کەسەکە لەپێش دەرکردنی حوکمدا بمرێت ئەوا داوانامەکە هەڵدەگیرێت (حفظ)، خۆ ئەگەر لەدوای دەرکردنی حوکم و پێش جێبەجێکردنی سزاکە کەسەکە بمرێت ئەوا حوکمەکە بەتاڵ دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر لەکاتی جێبەجێکردندا بمرێت ئەوا سزاکە دەووەستێت.

## ٤- یەکسانی سزا:

واتا دەبێ ئەو سزایەی بڕیار دراوە لەیاسا بۆ تاوانێك یەك بێت سەبارەت بە هەموو کەسانێك هیچ جیاوازیەك نەبێ بەهۆی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی یان ڕامیاری یان ئابووری ... هتد، لە بەندی (٣٨)دەستووری کاتی عێراقیدا هاتووە.

لێرەشدا دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کەوا یەکسانی سزا مانای وانیە کە ئەو سزایەی دادوەر بڕیاری لە سەر دەدات بۆ تاوانێکی دیاریکراو هەمان بڕ بێت یان جۆر بێت سەبارەت بە هەموو ئەوانەی کە ئەم تاوانەیان کردووە، بەڵکو جیاواز دەبێت ئەویش بەپێی جیاوازی بارودۆخی عەقلی و دەروونی تاوانباران و تەمەن و سروشتی تاوانەکەی و مەبەست لە ئەنجامدانی شێوازی کردنی کارەکە......هتد.

لێرەدا دادوەر دەتوانێ بۆ تاوانبارێك دووساڵ بڕیاری سزاای زەوت کردنی ئازادی بدات بۆ تاوانبارێکی تر کە هەمان تاوانی کردووە ساڵێك کەمتر بڕیار بدات بەپێی جیاوازی بارودۆخی هەریەك لەم تاوانبارانە لەگەڵ ئەوەی هەمان تاوانیان ئەنجام داوە، بۆ نموونە لەڕووداوی ئۆتۆمبێل زۆرجار کوشتنی لێ دەکەوێتەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ کوشتنی بەئەنقست یاخود بەهۆی نەزانین گوللەیەك دەردچێت بەر یەکێك دەکەوێت.

## ٥- بەرپرسیاریەتی تاوانی:

واتا سزا ناسەپێنرێت تەنها سەبارەت بەتاوانێك كە كەسێكی بەرپرسیار ئەنجامی دابێ، واتە شێت نەبێ یان منداڵ لە (٨) ساڵ كەمتر، ئەگەر تاوانیش بكات بەرپرسیار نابێت، بەمەش سزا جیادەكرێتەوە لە هەڵوێیستە خوپاریزیەكان كە دەتوانرێت هەتا بەرامبەر شێت و منداڵیش وەربگیرێت.

**یاسایی جاودیری مێردمنداڵان لە هەرێمی كوردستان ژمارە (٧٦) ساڵ ١٩٨٣:**

أ- بچوك (منداڵ)ـــتا - پیش (١١)ساڵ.

ب- مێردمنداڵ ـــ(١١) ساڵ تا - پیش (١٨)ساڵ.

ئەمەش لە بەندەكانی (٦٠، ٦٤) لەیاسای سزای عیراقیدا دیارە كەوا هەر كەسێ لەكاتی ئەنجامدانی تاوان (ادراك) یان (ارادە)ی نەبێ بە هۆی شێتی یان نەخۆشیەك لە ئەقل یان تەمەن بەرپرسیار نابێ لەو تاوانەی كە ئەنجامی داوە.

## ئامانجەكانی سزا:

١- **دادپەروەری (العدالە):** جێبەجێكردنی سزا ئامرازێكە بۆ گەرانەوەی هاوسەنگی بۆ نێو كومەڵگا و قبولكردنی تاوانبار دوای تەواو بوونی ماوەی سزایەكەی.

٢- **بەرپەرچدانەوەی گشتی :** جێبەجێكردنی سزا ئامرازێكە بۆ بەرپەرچدانەوەی گشتی لەرێگەی چاوترساندنی گشت ئەندامانی كۆمەڵگا، یاخود ئاگاداركردنەوەیان بۆ ئەوەی هەركەسێك تاوان بكات؛ ئەوا ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە و یاسا لێی نابورێت، لەلایەكی ترەوە سزا هەڕەشەكردنە لەرێگای ئاگاداركردنەوە بۆ ئەوانەی كە دژ بەبەها و پرەنسیپ و ڕێساو داب و نەریتەكانی كۆمەڵگا دەوەستێتەوە.

٣- **بەرپەرچدانەوەی تایبەت :** جێبەجێكردنی سزا، ئامرازێكە بۆ ڕێگرتنی لەدووبارەكردنەوەی تاوان لەلایەن كەسی ئەنجامدەری تاوان لەرێگای دووبابەت:

أ- خودی سزا (ئامرازیكە بو تەمبێكردنی تاوانبار).

ب- چاكسازی و ڕاهێنان بە لەناوبردنی ئەو هۆكارە كۆمەلایەتی و ئابووری ژینگەییانەی كە توشی تاوانی كردووە، ئەویش لەرێگای پرۆگرامەكانەوە دەبێت.

## جۆرەكانی سزا :-

بەپێی مەترسیداری تاوان دابەش دەكرێت:

## یەكەم/ لەسێدارەدان :

ترسناكترین جۆری سزایە كە كۆمەڵگا جێبەجێی دەكات لە سەر ئەو كەسانەی كە تاوانێكی ترسناكیان بە ئەنجامگەیاندووە، بەهۆیەوە كۆتایی بە ژیانیان دێت.

**ئەم سـزایە تونـدترین سـزایە چـونکە مـافی ژیـان لە تـاوانبـار دەسـەندرێتەوە،لە نێـوان پسـپۆڕ و شـارەزایاندا نـاکۆکی زۆر هەیە سـەبارەت بە سـەپاندن و نە سـەپاندنی سـزای لە سێدارەدان؛ ئەوانەی لەگەڵ سێدارەدان دان پێیـانوایە کـاریگەرترین سـزایە بـۆ نەهێشتنی مەترسی لەسـەر سیسـتەمی کـۆمەڵایەتی و تـاکە ڕێگایەکە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تـاوانی ترسناک کە مەسەلەی چاککردنی تاوان هیچ سودێکی لێ ناکەوێتەوە، بەڵام ئەوانەی لەگەڵ نەسەپاندنی سزای لە سێدارەدانن و بە سزایەکی نـاڕەوا دادەنرێت، چونکە هەمـوو دەروازەیەک لەبەردەمی چـاککردن دادەخـات کە ئەمەش دژ بە ئامـانجە نوێیـەکـانی سـزا، ڕەنگـە لـە پـاش جێبـەجێکرنی دەربکەوێت کە تـاوانبار بیگوناهە و لەم حالەتەدا بە گەورەترین هەڵە دەژمێردرێت کە دەسـەڵاتی قـەزائی پێـی هەڵساوە.**

جۆرەکانیشی بریتییە لە: سزایی کوستنی بەپەتك ، کوشتن بە غاز یـان بـە دەرزی لـە ئـەمریکا پـەیرەو دەکرا، سزای کوشتنی بە گوللە(سـەربازی)، لـە ئـاینی ئیسلامیش سـزای رەجـم، سـزایی لـە سێدارەدان لـە ولأتـە عەرەبیەکان لە ڕۆژانی بۆنە ئاینیەکان و جەژنەکان و ڕۆژی هەینی یان بۆنە نەتەوەییەکان جێبەجێ ناکرێت و ڕادەگیرێت.

سزای لەسێدارەدان بۆ ئافرەتی دوو گیان جێبەجێ ناکرێت تـاوەکو منداڵەکەی دادەنـێ (لـەدایك دەبـێ)، چونکە لەو حاڵەتە دەبێتە هۆی کوشتنی منداڵێکی بێ گوناه، دوای لـە دایکبـوونی منداڵەکـە بـە سـەلامەتی دوو ساڵیتر جێبەجێکردنەی ڕادەگیرێت کە ماوەی شیرپێدانی منداڵەکەیە.

**دووەم: سزای زەوتکردنی ئازادی: ئەو سزایانە دەگرێتەوە کە مافی ئازادی تـاوانبـار زەوت دەکـات. تـاوانبـار ڕادەستی یەکێک لە دامەزراوەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی دەکرێت بۆ بەسەربردنی ئەو ماوەی کە بۆی دیاریکراوە لە سزای زەوتکردنی ئازادی لەلایەن دادگاوە. سەبارەت بە هەمەجۆری و ڕێکخستنی ئەم سزایە مشتومڕێکی زۆر هەیە، هەندێک دەڵێن بەپێی گەورەی و قورسی تـاوانەکە با سزاکەش هەمەجۆر بێت بۆ سوک و قـورس، بـەڵام ئەوانەی دەڵێن با یەک سزا بێت بەڵام جیاوازییەکە لەماوەی بەندکردنەکەدا بێت، ئەم دەستەیەی دووەم پشت بە بنەمای تاکێتی سزا دەبەستن و دەڵـێن مـاوەی بەندکردنەکـە جیـاواز بێت بـەپێی قـورسی تـاواکە، بـەمـەش ئامانجی سزا و چاککردن هەردووکیان بەدی دەهێنن.**

## سزای زەوتکردنی ئازادی چەند جۆرێکی هەیە( یاسای سزادانی عراقی ):

**١- سجن: دوو جۆرە:**

أ- سجنی (مؤبد): کە (٢٠-٢٥) ساڵە .

ب- سجنی کاتی: ماوەی گرتنەکەی (لە ٥ ساڵ زیاتر تا ١٥ ساڵە).

**٢- حبس: دوو جۆرە:**

أ - حبسی سوك ( ٢٤ كاتژمێر بۆ ٣ مانگ)

ب-حبسی قورس، توند ( له ٣ مانگ زیاتر تا ٥ ساڵ)

**سێیەم: دەستگیرکردن( الاعتقال ):** زەوتکردنی ئازادییە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان دیارینەکراو کە تایبەتە بە تاوانە **سیاسیەکان.**

**چوارەم: کاری قورس/** سزاییەکی جەستەییە لەگەڵ سزای زەوتکردنی ئازادی لەلایەن دادگاوە بۆ تاوانبار دیاری دەکرێت، وەك بەرد شکاندن و کاری تری قورس؛ لەبەرامبەر ئەوەش پارەیان پێ دەدرێت، هەروەها ڕەچاوی تەمەنیش دەکرێت لە کارکردن تا ئێستا لە وڵاتی مسر کار بەم سزایە دەکرێت.

**پێنجەم: دوورخستنەوە:** ئەو سزاییە کە لە ڕێگایەوە تاوانبار لە وڵات دوور دەخرێتەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە دادگا دەستنیشانی دەکات.

**شەشەم: مانەوەی بەزۆر:** ئەو سزاییە کە تاوانبار بەند دەکات لەناو ماڵەکەی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە دادگا دیاری دەکات، ئەم سزایە وەکو جێگرەوەی سزای زەوتکردنی ئازادیە.

**حەوتەم:** ئەو سزایەی پەیوەندی بە ڕێزداریەوە هەیە (واتا بریندارکردن و ناوزڕاندنی پێگەی کۆمەڵایەتی تاوانبار) وەکو بڵاوکردنەوەی ناو و وێنەی تاوانبار و جۆری تاوانی و سزاییەکەی لە گۆڤار و ڕۆژنامە و میدیاکان یان بێبەشکردنی لە ئەنجامدانی کاری فەرمی.

**هەشتەم : سزا داراییەکان: ئەم سزایە چەند جۆرێکە وەك پێبژاردن ( الغرامة ) ، دەست بەسەرداگرتن، ڕەتکردنەوە، خەرجییەکان و قەرەبووکردنەوە.**

**١- پێبژاردن:بریتیە لە بڕێک پارە لە تاوانبار دەسەندرێت و دەخرێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە لە بری ئەو تاوانەی یان کەتنەی یان سەرپێچیەی پێی هەستاوە .**

**٢- دەست بەسەرداگرتن : واتا لێسەندنی موڵک بە زۆر و پاشان بە بێ بەرامبەر دەخرێتە سەر موڵکی دەوڵەت یان دەگێردرێتەوە بۆ زیان لێکەوتووەکە کە خاوەنەکەیەتی. لێرەدا دووجۆر دەست بەسەرداگرتن هەیە گشتی و تایبەتی، گشتی بە لێسەندنەوەی هەموو ئەو شتانەی حوکمدراوە کە خاوەنیەتی، بەڵام تایبەتی کاردەکات لەسەر سامانێکی دیاریکراو وەک خانوو، سەیارە یان چەک.**

**٣- ڕەتکردنەوە : گێڕانەوەی پارە و سامان بۆ خاوەنە ئەسڵەکەی.**

**٤- خەرجییەکان: واتا ناچارکردنی کەسی حوکمدراو بە دانی خەرجی تایبەت بە گشت پرۆسەی لێکۆڵینەوەو دادگاییکردن.**

**٥- قەرەبووکردنەوە: واتا قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لە ئەنجامی تاوانێکەوە بە کەسێک (تاوانلێکراو) و کەسانیتر کەوتووە.**

## سێیەم: چەمکی بەندیخانە:

پ/ چۆن توێژەرانی بواری کۆمەڵناسی سەیری بەندیخانە دەکەن؟

پسپۆرانی بواری کۆمەڵناسی سەیری بەندیخانە دەکەن وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵگا ئەرکی چاکسازی و پەروەردەکردنی تاوانباران و دووبارە ڕاهێنانیان لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پیشەیی پێسپاردووە بەپێی بەهاکانی کۆمەڵگا، تا بگەڕێتەوە کۆمەڵگا وەك هاوڵاتیەکی چاك کەڕێز لە یاساو بەها کۆمەڵایەتیەکان بگرێت و توانای هەڵبژاردنی ڕەفتاری دروست و شێوازی ڕاستی هەبێ لە ژیاندا. ئەمە پێویست دەکات بەندیخانە گشت پێداویستییەکانی چاکسازی تیادا فەراهەمکرابێت، واتا بەندیخانە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت یان ئامانجی سەروتر جێبەجێبکات دەبێ گشت پێداویستیەکانی کاری چاکسازی تێدابێت لە پرۆگرام و خرمەتگوزاری و بینایەی شیاو، لەگەڵ دەستەیەکی هونەری پسپۆر و خاوەن ئەزموون و ڕێژەشیان گونجاو بێت لەگەڵ ڕێژەی بەندکراوان.

لەبەرئەوەی ئامانجی نوێی بەندکردن: **بریتییە لە دورخستنەوەی تاوانباران لە ژیانی کۆمەڵایەتی بۆماوەیەکی دیاریکراو کە یاسا دەستنیشانی کردووە، لەو ماوەیەدا چاکسازی و چارەسەر دەکرێن، لەو کەم و کوڕی و نەخۆشیانەی کە توشی ڕەفتاریان بووە، بەشێوەیەك دەخرێنەتە ژێر سیستەمێکی پەروەردەیی و ڕاهێنان کە لەگەڵ توانا و تایبەتمەندییەکانیان بگونجێ، چونکە بەندیخانە لە سەردەمێکی وەکو ئەمرۆ ئەو شوێنە تاریك و ترسناکە نەماوە کە مرۆڤ ئازار و ئەشکەنجە بدرێت تیایدا وەك ئەوەی کە لە کۆندا هەبووە. ئازاردان لە سەردەمێکی وەکو ئەمرۆ لەسنوری یان بازنەی زەوتکردنی ئازادی دەرناچێت لەگەڵ پاراستنی توانا جستەی و عەقلی بڕیار لە سەردراوەکان.**

**پێناسەی یاسایی بەندیخانەی سوری ساڵی ١٩٥٠ پێناسەی چەمکی بەندیخانەی کردووە:** بەندیخانە ماڵی سزایە، ئامرازێکە بۆ چاکسازی تاوانباران و پەروەردەکردنیان بە پەروەردەیەکی چاك و یاساش جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە لە ئەستۆی خۆی دەگرێ.

**لە ساڵی ١٩٧٥ یاسایی لیبی پێناسەی بەندیخانەی کردووە دەڵێ:** شوێنی چاکسازی و پەروەردەکردنە ئامانجی ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری بەندکراوانە بە سزای زەوتکردنی ئازادی و ڕاهێنانیان تا ببنە ئەندامێکی چاك لە کۆمەڵگادا.

**پێناسـەیەکیتر بـۆ بەندیخانـە:** شـوێنی جێبـەجێکردنی سـزایە لـە سـەر تاوانبـار لـە ڕێگـای بێبەشـکردنی ئازادییەکانی ئەمەش هەڵێکی مەبەستدارە، تا بەندکراو ئازاری بەندکردن بچێژێت.

**بەندیخانە وەك سزا:** ئەو سزایەیە کە لە ئاکامی یان لەئەنجامی بەندکراو لـە ئازادییـەکان بێبـەش دەکرێـت بـۆ ماوەیەکی دیاریکراو کە یاسا دەستنیشانی کردوە.

**بەندکردن لەماددەی ( ٨٧ )ی یاسایی عێراقی دەڵێ:** ئەو سزایەیە کە لەئەنجامـدا بەنـدکراو بـۆ ئـەو مەبەسـتە لـە یـەکێك لـەدەزگا سـزاییەکان دادەنرێـت کـە لـە ڕووی یاسـاییەوە تـەرخان کـراوە یـان تایبەتمەنـد کـراوە، واتـا بەندکردن خۆی لەخۆیدا سزایە و کاردانەوەی کۆمەڵگایە دژ بە تـاوان وەك ئامرازێکـە بـۆ تیکشکاندنی ڕەفتـارە تاوانکارییەکان و ڕێگەیەکە بۆ چاکسازی و ڕاهینانی تاوانباران لەسەر کاری چاك.

**بەندیخانە:** ئەو جێگایەیە کە کۆمەڵگا ئامادەی کردووە بۆ چاودێری و چاکسازی و چارەسـەری ئـەو تاکانـەی کـە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کاری تاوانکاری.

**بەندیخانە** دامەزراوەیەکی چاکسازییە هەڵدەستێ بە ڕاهێنانی بەندکراوان لەڕووی کۆمەڵایـەتی وپـەروەردەیی و فێرکردن و پیشە و ڕۆشنبیریەوە تاوەکو کاریگەری ئـەو تاوانانـەی لەسـەر لادەچـێت کـە پێشـتر ئـەنجامی داوە و ببنە ئەندامێکی باش و ئاسایی لە کۆمەڵگادا جارێکی تر نەگەڕێتەوە سەر ئەو کارەی کە پێشتر ئەنجامی داوە.

## - پێناسەی بەندیخانە لە یاسایی هەرێمی کوردستان:

لە یاسایی سیسـتەمی فەرمانگـەی چاکسـازی کۆمەڵایـەتی هـەرێمی کوردسـتان-عـراق ژمـارە (١) لەسـاڵی (٢٠٠٨)دا هاتووە: (فەرمانگەی چاکسازی ئەو فەرمانگەیە کە ئەرکی سەرپەرشتیکردن و بـەڕێوەبردنی کاروبـاری بەندکراوان لـە هـەرێمی کوردسـتان بـەجێ دەهێنێـت بـۆ ئامـانجێکی ڕیشـەییە ئـەویش چاکسـازی بەندکراوانـە لـەڕووی هەڵسوکەوت و پـەروەردە و ڕۆشـنبیری و ئامادەکاری پیشـەییەوە، بـۆ ئـەوەی ببنـە ئەنـدامێکی بـاش و بەسود لە کۆمەڵگادا).

## ئەو هۆکارانەی کە بوونەهۆی زیادبوونی گرنگیدان بە ڕۆڵی بەندیخانەکان:

١- زیاتر پشت بەستنی دەوڵەتان بە سـزای زەوتکردنـی ئـازادی لـە کاتێکـدا کـە پێشـتر زیـاتر سـزا جستەییەکان بووە.

٢- پێشکەوتن و گۆڕانی ئەرکی بەندیخانەکان کـە تـەنها بریتـی نییـە لـە ڕێگـەگرتنی بەنـدکراوەکان لـە ڕاکـردن ئەویش بە هۆی بەربەستی ماددیـەوە، بـەڵکو ئـەرکیان چاکسازی تاوانبـاران و ڕاهینانیـەتی لەگـەڵ کۆمـەڵگا، چونکە وا لەبەندکراو دەکات کە وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ پرۆگرامەکانی چاکسازی دووبارە ڕاهێنانیان.

## چوارەم: بەندکراو ( بڕیار لەسەر دراو ):

کۆمەڵە کەسانێکن جا گەورە بن یان مێرد منـداڵ، ڕەفتـاری کۆمەڵایـەتییان لایـداوە لـەو ڕێسایانەی کـە کۆمەڵگا بۆ ڕەفتاری دروست دیاریکردووە، ئەم لادانەش بە پێشێلکردنی یاسا هەژماردەکرێ. واتا بەندکراوان ئەو کەسانەن کە بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێکەوە بە دەقێکی یاسایی بڕیاری بەندکردنیان بەسەردا جێبەجێدەکرێ.

**بەپێی سیستەمی فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستانیش بەندکراوان هەموو ئـەو کەسانەن کە لەلایەن دەسەڵاتێکی یاسایی تایبەتمەنـدەوە بڕیاریـان بەسـەردا دراوە و بەهۆیـەوە لەفەرمانگەی چاکسازیدان،** چونکە ئەو کەسانە (بەندکراوان) تاوانیان کردووە دژ بـە مافـە گشـتی و تایبەتییـەکان، یـان دژ بـە بەها و سیستەم و ڕێسا باوەکانی کۆمەڵگا. هەر بۆیە تاوانبـار بـەهۆی ئـەو دەسـتدرێژییەی کـە کردوێتییـە سـەر ڕێسا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگا لەلایەن دەزگا فەرمییەکانی دەوڵەتـەوە دەسـتگیردەکرێت و لێکۆڵینـەوەی لەگەڵـدا دەکرێ، دواتر بەپێی ئەو تاوانەی ئەنجامی داوە بڕیاری سزای زەوت کردنی ئازادی بۆ دەردەچێ و لە بەندیخانەدا ماوەی بەندکردنی بەسەر دەبات، پاشان بەندکراوەکان لەبەندیخانەدا کۆمەڵگایەکی بچووك پێکـدەهێنن، کـە ئـەو کۆمەڵگایە سیستەمی ئابووری تایبەت و شێوازێکی دیاریکراویان هەیە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها خاسـیەتی جیـاواز باڵدەکێشـێ بەسـەریاندا، ئـەم کۆمەڵگایـەش بەرهـەمی ئـەو ڕێسـا فەرمییانـە نییـە کـە لـە بەندیخانەدا کاری پێدەکرێ، بـەڵکو بەرهـەمی ئـەو تێکەڵاوییـە کۆمەڵایەتییـە خۆرسـکەیە (تلقـائی) کـە لـەنێوان بەندکراواندا دروست دەبێت. لەهەمانکاتدا بەندیخانە شێوازێکی چاکسازی و ئامادەکاری دەگیرێتەبەر بۆ دووبـارە بنیادنانەوەی کەسایەتی تاوانبار و هەوڵدەدرێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانی و یارمەتیـدانی لـە گۆڕینی ڕوانگە و ڕەفتارە نەگونجاوەکانی بۆ ڕوانگە و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی پەسـەند لـە کۆمـەڵگادا، بـە چـەندەها ڕێگا و شێوازی زانستی نوێ. هەر سەبارەت بە وشەی بەندکراو بەپێی زۆرێك لەو ڕاوبۆچوونانەی کـە ئاماژەیـان پێداوە، پێیانوایـە ئـەو کەسـەیە کـە پێویسـتی بـە خزمـەتگوزاری و چاودێری گونجاو هەیـە ئـەویش خـۆی لـە سەرلەنوێ چاککردن و شیاندنی بەندکراوەکەدا دەبینێتەوە.

پاش خستنەڕووی ئەو پێناسـانەی سـەرەوە بـۆ چـەمکی بەنـدکراو دەتـوانین بڵێین (بەنـدکراو کەسـێکە بـەهۆی ئەنجامـدانی لادان یـاخود تاوانێکـەوە بـەدەقێکی یاسـایی کـە لەلایـەن دادوەرەوە دەردەچـێ دەخرێتـە بەندیخانەوە، پاشان لەو دامەزراوەدا دەخرێتە ژێـر پرۆگرامێکـی چـڕوپڕی چاکسـازی و شـیاندنەوە بەمەبەسـتی ئامادەکردنی بۆ دووبارە گێرانەوەی بۆ نێو کۆمەڵگا وەکو کەسێکی بەسود).

## پێنجەم: چەمکی چاکسازی:

- چاكسازی بەمانای ئەنجامدانی گۆڕان دێت لە ڕادەی وەڵامدانەوەی تاك (بەندكراو ) بۆ كارتێكەرەكانی دەورووبەری ئەویش بۆ بەرژەوەندی بەهاو خووە چاكەكان، بە مانای وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ ئەو كارتێكەرانەی كەوای لێدەكات ڕەفتاری یەك بێت لەگەڵ بەها و خووە كۆمەڵایەتیەكان.
- چاكسازی: بریتیە لە یارمەتیدانی تاك یان هاوكاریكردنی بۆ ئەوەی وای لێبێت ڕەفتاری یەك بێت لەگەڵ بەها باوەكانی كۆمەڵگا.
- چاكسازی: بریتیە لە دووبارە پەروەردەكردنی تاوانبار لەڕووی كۆمەڵایەتیەوە، ڕاهێنانی بۆ گونجاندنی لەگەڵ كۆمەڵگا و گۆڕینی كەسایەتیەكەی لە كەسایەتییەكی ناكۆمەڵایەتی بۆ كەسایەتیەك كە بەدوای كۆمەڵگا و سیستەمەكانی بكەوێت بەو مانایەی ڕێزی لێ بگرێ و پێشێلی ڕێساكانی نەكات.
- چاكسازی: پرۆسەیەكە ڕێگایەكی زانستی دەگرێتەبەر بۆ دووبارە بونیادنانەوەی كەسایەتی تاوانبار و ڕاهێنانی بەمەبەستی بنبڕكردنی هۆكارەكانی مەترسی تاوان لە دەروونی و ئامادەكردنی بۆ گەڕانەوەی بۆ كۆمەڵگا، بە ڕەفتارێك كە گونجاو بێت لەگەڵ ڕەفتارە كۆمەڵایەتیەكەی تاكەكانی نێو كۆمەڵگا، ئەویش بە ئامانجی جێبەجێكردنی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی و دروستكردنی بەرپەچدانەوەی گشتی لە ئەنجام نەدانی تاوان لە دواڕۆژدا. جا پرۆسەی چاكسازی پێویست دەكات كە گشت پسپۆرییەكان لە بوارە جیاجیاكان بەشداری لەكاری چاكسازی بكەن و لەهەمان كاتدا هاوكاری و هەماهەنگی لەنێوانیاندا هەبێت، چونكە ڕۆڵەكان تەواوكەری یەكترن، ئەمە جگە لە بوونی ئەو پرۆگرامانەی كە پرۆسەكە سەركەوتودەكات و دەبێت زامن بكرێت.
- چاكسازی: پرۆسەیەكی كۆمەڵایەتیە لە ڕێگایەوە هەوڵدەدرێت بۆچاككردن و چارەسەركردنی ئەو **ڕەفتارە نەشیاوانەی كە تاوانباران خوویان پێوەگرتوە** و بۆتە هۆكاری سەرەكی تاوانكردنیان و گەیاندنی چارەنوسیان بە بەندیخانە، لەڕێگای ئەو بەرنامە و پلانانەی فەرمانگەی چاكسازی كۆمەڵایەتی دایناوە بۆ چاككردنی بەندكراوان و هاندانیان بۆ سەر لەنوێ دروستكردنی كەسایەتی و ڕەفتاری دروست و گونجاو لەگەڵ كۆمەڵگادا.

## ئەرك و ئامانجی سەرەكی پرۆسەی چاكسازی:

ئەركی سەرەكی ئەم پرۆسەیە بریتییە لەچاككردنی تاوانباران لە ڕێگای گرنگیدان بەپاراستنی پێوەرە كۆمەڵایەتی و نموونەییەكانیان و ترساندنیان لە دووبارە بوونەوەی سزا بەرامبەریان و چاندنی نەریتی تەندروست لە ناخیاندا لەڕێگای بەكارهێنانی ئامرازی دینامیەوە، چونكە ئامانجی سەرەكی لە پرۆسەی چاكسازی ڕازیكردنی تاوانبارانە یان بەندكراوە بەوەی كە لادان و تاوانكردن هیچ سودێكی پێناگەیەنێت و بەپێچەوانەوە توشی زەرەرو زیانێكی ماددی و مەعنەوەی زۆری دەكات، بۆیە پێویستە پابەندبێت بەو ئامرازە گونجاو و لەبارانە لە هەموو هەڵسوكەوت و مامەڵەیەكی ژیانی كۆمەڵایەتی ڕەچاویان بكات و جێبەجێیان بكات.

## شەشەم : چەمکی ڕاهێنان:

**ڕاهێنان:** ئامادەکردنی بەندکراو بۆ گەڕاندنەوەیەتی بۆ ناو کۆمەڵگا بەتوانا جستەیی و دەروونی و عەقڵی و کۆمەلایەتی و پیشەییەوە کە پێگە کۆمەڵایەتیەکە و ڕۆڵەکەی لەپرۆسەی بەرهەمهێنانەکە بۆ دەگێڕدرێتەوە، ئەویش بە گوێرەی ئەو پرۆگرامە چاکسازیانەی کە بۆی ئامادە دەکرێ لەسەر بنەمایەکی زانستی و هونەری.

**ڕاهێنان:** بەمانای وروژاندنی پاڵنەرە ئیجابیەکانە لای بەندکراو بەشێوەیەك باوەڕی بەو بەهایانە هەبێت کە لەناخیدا دەچێنرێت، ڕێز لەیاسا بگرێت پاش ئەوەی کە یاخی بوو لێی، بگونجێ لەگەڵ ژیانە کۆمەڵایەتیەکەی پاش ئەوەی کە گۆشەگیر بوو لێی، گەیشتن بەو ئامانجەی پێویست دەکات بەندیخانە گشت ئامرازەکانی چارەسەرکردن و چاکسازی بەپێی پێویستی بەندکراوان بەکاربهێنێ.

**ڕاهێنان:** گرێبەستێکی ئاشتبوونەوەیە لەنێوان تاوانبار و کۆمەڵگادا بەچارەسەرکردنی ئەگەر هاتوو نەخۆش بوو، پەروەردەکردن و ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری ئەگەر هاتوو لادەر بوو، رۆشنبیرکردن و فێرکردنی ئەگەر هاتوو نەخوێندەوار بوو، فێرکردنی کارێك ئەگەر هاتوو بێکاربوو، بەمشێوەیە مەترسی تاوانکردن لە کەسایەتی بەندکراو نامێنێت و دەگەڕێتەوە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گونجاو.

**بنەماکانی ڕاهێنان:-** ئەو بنەمایانە چین کەدەبێت ڕاهێنان دەستەبەریان بکات لە پروسەکانی چاکسازی لە چوارچیوەی جێبەجێکردنی سزای زەوتکردنی ئازادی لە بەندیخانەدا:-

١- دروستکردنی هەستی لێپرسراوێتی لەلای بەندکراو لەبەرامبەر خۆیی و کۆمەڵگا و گەشەدان بەو هەستە، چونکە ئەو هەستە وای لێدەکات سەیری تاوان بکات وەك ڕەفتارێکی نەشیاو و ناشیرین.

٢- پاراستی توانا جەستەیی و ژیرییەکانی بەندکراو، دواتر هەوڵدان بۆ گەشەپێدانیان یان دروستکردنیان ئەگەر بێتو بوونی نەبێت، لەبەرئەوەی ئەو توانایانە ئامراز و چەکی بەندکراوان دوای ئازادکردنیان بەکاریان دەهێنن بۆئەوەی ڕێگای خۆی بگرێت و وەکو هاوڵاتیەکی چاك لە کۆمەڵگەدا.

٣- کارکردن بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئاسەوارە خراپانەی کەپەیوەندی بەجێبەجێکردنی سزای زەوتکردنی ئازادی هەیە لەسەر تاوانبار، لەبەرئەوەی ژیانی بەندکراو لەبەندیخانەدا ژیانێکی سروشتی نییە جا ئەگەری لێ دەکرێت کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستی و جەستەیی و عەقڵی و دەروونی بەندکراو هەبێت، ئەو توانایەی کە پێویستییەتی بۆ وەرگرتی پێگەیەکی چاك لەکۆمەڵگا لەدەستدەدات.

٤- ڕێکخستنی چاودێری کۆمەڵایەتی دواینە کە دەبێت ئەو چاودێرییە بەردەوام بێت تا دڵنیا دەبێت کە ڕاهێنان جێبەجێبووە ئەویش بەوەرگرتنی پێگەیەکی کۆمەلایەتی و ئابووری و پیشەیی جێگیر لەلایەن ئازادکراوەوە لەکۆمەڵگادا، چاودێری دوایینە دوو جۆری هەیە لەیارمەتی: أ- یارمەتی ماددی و ب- یارمەتی مەعنەوی).

أ- يارمەتی ماددی: بریتییە لە بڕێك پارەو جلوبەرگ و خواردن و شوێنی حەوانەوە و دۆزینەوەی کارێکی دیاریکراو.

ب- یارمـەتی مەعنـەوی: بریتییـە لـە ئامۆژگـاری و ڕێنمـایی و پێـدانی زانیـاری دەربـارەی ڕووبەڕوبونـەوەی کێشەکانی ژیانی دوای ئازادکردن.

## بەشی دووەم

## کورتەیەك دەربارەی سەرهەڵدان و پێشکەوتنی زانستی سزا

لە کۆنەوە سزای تاوان تەنیا بریتی بوو لـە سـزای جستەیی کـە ئـەویش لەسێدارەدان و بڕینـی یـەکێك لەئەندامانی جستە و شێواندن و لێدان، کەواتە بەندیخانە تەنها شوێنی جێبەجێکردنی ئەم جۆرە سزایانە بـوو کـە پێویسـتی بـەکاتێکی زۆر نـەبووە، بـەم جـۆرەش هـیچ زانسـتێك نـەبووە بـەناوی زانسـتی سـزا. بەڵام(پرۆتاغوراس)یش کە فەیلەسوفێکی یۆنانیە، باس لە سزاو تـاوان و تاوانبـار دەکات و دەڵێ: دەبـێ ئامـانجی سزادان ڕێگەگرتن بێت لەدووبارەبونـەوەی تـاوان و چاوترسـاندنی خـەڵکی تـر لـەڕێگای بینینـی جێبـەجێکردنی سزایەکە، چونکە سزا ئامانجەکەی تۆڵەسەندنەوە نییە، بەڵکو بریتیـە لەچاکسازی و ڕاهێنـان. و(ئـەفلاتوون)یش وەك فەیلەسوفێکی یۆنانی دەڵێ: تاوانبـار نەخۆشـە سزایەکەشـی ئامرازێکـە بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم نەخۆشـیە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ، دەڵێ سزا دەبێ ئاراسـتە بکرێـت بـۆ چاکسازی تاوانبـار و ڕێگـەگرتن لـە دووبـارە گەڕانەوەیان بۆ تاوان، بەڵام ئەم بیروبۆچونانە هـیچ کاریگـەری لەسـەر گـۆڕینی جـۆری سـزاو شـێوازی مامەڵـەی لەگەڵ تاوانباران نەبوو لەو کاتی.

پاش دەرکـەوتنی بنـەماکانی دیموکراسی بەتایبـەتی دوای شۆڕشی فەرەنسی سـەرجەم بوارەکـانی ژیـان بەرەو گۆڕان چوون، لەبواری تاوانیشدا سیاسەتی تاوانکاری و سەرجەم زانسـتە تاوانیـەکانی تـر گۆڕانیـان بەسـەر داهات و بەرەو پێشکەوتن چوون لەکاتێکدا زۆر ئاسـایی بـوو کـە بـۆ هـەر جـۆرە تاوانێـك سـزای لەسـێدارەدانیان دادەنا و ئەمەش لەکاتێکدا تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ تاونبار کە بەدڕندەیان دەزانی.

لەکۆتایی سەدەی حەڤدەدا بایەخدرا بە بەندیخانـەکان، بەتایبـەتی پاش دەرکـەوتنی سـزای زەوتکردنـی ئـازادی، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا زاراوەی سزاناسـی تـا سـەدەی نۆزدەهـەم بەکارنـەهاتوە بـۆ ئـەو لێکۆڵینـەوە و دراساتانەی کەلەم بوارەدا ئەنجام دەدران.

دواتر لێکۆڵینەوەکانی سزاناسی دەستی پێکرد لەسەر دەستی زانای ئیتالی (فلیب فراتسی) و بایەخدانی (جان فابلو) لـە فەرەنسا، بـە کاروبـاری بەندیخانـەکان، ئەمـەش لەتوێژینەوەیـەك کـەبڵاو کرایـەوە بەناونیشـانی (کاریگـەری بەندیخانـەکان لەسـەر بەنـدکراوەکان) و لـە ئینگلتـەراش (جـۆن هـوارد) بەیەکـەم کـەس دادەنرێـت کەگرنگی داوە بە بەندیخانەکان و لە توێژینەوەکەی خراپی بـارودۆخی بەنـدکراوانی ئینگلیـزی و ئەوروپیـەکان

**خستەڕوو لەگەڵ ئەو شێوازە نامرۆییانەی کەلەگەڵ بەندکراوان بەکاردەهات لە مامەڵەکردن، هەروەها بانگەشەی بۆ دابینکردنی سیستەمی تەندروستی تەواو و جیاکردنەوەی بەندکراوان و دابینکردنی کار بۆیان لەپاڵ جێبەجێکردنی پرۆگرامی تەمبێکردن (تهذيبي) و ئاینی کاریگەر بەسەریاندا.**

**بەم جۆرە تێروانینی کۆمەڵگا بۆ تاوانباران گۆڕا، بەجۆرێك سەیردەکرا کەوا تاوانبار کەسێکی داماوە و دووچاری بارودۆخ و هۆکاری نائاسایی هاتووە بەرەو لادان و تاوان جڵەو دراوە.**

## • گرنگی توێژینەوەی زانستی سزا

لە کۆندا تێڕوانین بۆ مرۆڤی تاوانبار بەو شێوەیە بووە کە کەسێکی شەڕانگێز و دوژمنی کۆمەڵگا بووە، لەبەر ئەوەشە مەبەست لە سزادانی تۆڵەسەندنەوە بوو، بۆیەش بایەخ بە بەندیخانە نەدەدرا و پشتگوێ خرابوو، لەبەرئەوەی مەبەست لە دروستکردنی بەندیخان چاکسازی بەندکراوان نەبوو، بەڵکو تەنها شوێنی دەستبەسەرداگرتن و دورخستنەوەی تاوانباران لە کۆمەڵگا بوو، تا ئەو کاتەی سزایان لەسەر جێبەجێ دەکرا لەو کاتیش لەنێو سزاییەکان سزای زەوتکردنی ئازادی تێدا نەبوو، زۆربەی سزاکانیش سزای جەستەیی بوو بە وێنەی لە سێدارەدان (کوشتن) و بڕینی یەکێك لە ئەندامانی جەستە و شێواندنی ڕوخسار و وێناکردنی هێمای جێگیر و نەگۆڕ کە بەڵگەی تاوانباری بێت.

زانستی سزا چاکەیەکی گەورەی هەبوو لە پەرەسەندنی سیستەمی سزا و هەڵوێستە خۆپارێزەییەکان، بەهۆی ئەم زانستەوە مەبەستی لە بەندکردن بوە چاکسازی و لەناوبردنی پاڵنەرەکانی تاوان لە کەسایەتی تاوانبار و پەروەردەکردن و فێرکردن و مەشق ثێکردنی لەسەر پیشەیەك بۆ ئامادەکردنی بۆ گەڕانەوە بەشێوەیەکی گونجاو لەبری ئەوەی مەبەستەکەی ئازار و ئەشکەنجەدان بێت، هەروەها ئەو زانستە هەوڵیدا باشترین شێواز دەستەبەر بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەو دوو سیستەمەی سەروو (سزا و هەڵوێستە خۆپارێزەییەکان) تا بگەنە مەبەستەکانیان، ئەویش لە ڕێگای پۆلینکردنی تاوانباران بۆ دامودەزگا سزاییە جۆراوجۆرەکان و بڕیاردانی چاوێری بە هەموو جۆرەکانییەوە جا کۆمەڵایەتی بێت یان تەندروستی یان دەروونی یان ئایینی بێت بۆ تاوانبار و خێزانەکەی لەگەڵ ڕێکخستنی چۆنییەتی بەڕێوەبردنی دەزگا سزاییەکان و دانانی ڕێسای کارکردن تیایدا.

## هۆکارەکانی پێشکەوتنی زانستی سزا :

**١- ڕۆڵی کەنیسە: ئەمیش بریتی بوو لەو هەوڵ و کۆششانەی کە پیاوانی کەنیسەی کاسۆلیکی ئەنجامیاندا لەژێر یاساو ڕێنماییەکانی ئاینی مەسیحی لەسەر ئەو بنەمایەی کە تاوانبار کەسێکە هەڵەی کردووە، جا ئەکرێ یارمەتی و کۆمەکی بکرێت، پەشیمان دەبێتەوە و تۆبە دەکات ئەویش بەدابڕانی لە کۆمەڵگاو دانانی لە بەندیخانە بەشێوەی تەنهایی و جێ بەجێکردنی سیستەمی پەروەردەی ئاینی بەسەریدا.**

**٢- دەرکەوتنی بیرۆکەی دیموکراسی: دەرکەوتن و بڵاوبونەوەی بیروبۆچونی دیموکراسی ڕۆڵێکی کاریگەری کردە سەر لێکۆڵینەوەکانی زانستی سزا، ئەویش بەداواکردنی یەکسانی لەنێوان هاوڵاتیان، بەم جۆرە وا سەیری**

تاوانبار نەدەکرا کە وا جیاوازە لە گەل هاولاتیانی دیکەی کۆمەلگا، بەلکو پێویستە کەرامەتی بپارێزن و رێزی لێ بگرن وەك مرۆڤیك لەلایەن دەسەلاتەوە، ئەویش وایکرد گۆڕانکاری بەسەر ئامانج و مەبەستەکانی سزادا بێت.

پ/ تاواناسی و کۆمەلناسی چ رۆلێکیان بینی لە پێشکەوتنی زانستی سزا؟

٣- پێشکەوتن و گۆڕانکاری لەزانستە پەیوەندیدارەکان بە زانستی سزا: ئەو پێشکەوتنەی تاواناسی بەخۆیەوە بینی لە ئاکامی پێشکەوتنی دەروناسی ئەمەش بەهۆی گرنگیدان بەباری کەسایەتی تاوانباران، بووە هۆی دەرکەوتنی چەندین سیستەمی گرنگ لە بواری زانستی سزا؛ ئەوانیش بریتی بوون لە **پۆلینکردنی تاوانباران، راگرتنی جێبەجێکردنی سزا و سیستەمی ئازادکردنی مەرجدار و تاقیکردنەوەی دادگایی**. هەروەها بەرەوپێشچوونی لێکۆلینەوەکان لەبواری کۆمەلناسی بووەهۆی بایەخدان بەباری کۆمەلایەتی تاوانباران و بەرقەرارکردنی چەندین سیستەمی گرنگ و سودبەخش بۆ **چاودێریکردنی کۆمەلایەتی** چ لەناو بەندیخانە بێت وەك سیستەمی **مۆلەتی خێزانی و سەردان لەنێوان بەندکراوەکان و کەس و کاریان**، یاخود لەدەرەوەی دامودەزگا چاکسازیەکانی بێت ئەویش لەرێگای **چاودێریکردنی کۆمەلایەتی دواینە** دوای ئازادکردن و دەرچوونی تاوانبار لەبەندیخانە.

٤- بەرزبوونەوەی توانای دارایی دەولەت: رۆلێکی سەرەکی هەبوو لە پێشکەوتنی سزاناسی، بۆ هۆی بایەخ دان بەبینایەی بەندیخانە و دروستکردنی دامودەزگای چاکسازی هەمەجۆر و دابینکردنی پسپۆر لە هەموو بوارەکان و پێداویستیەکانی کاری چاکسازی.

## قۆناغەکانی پێشکەوتنی سزا :

پێشکەوتنی زانستی سزا بە سێ قۆناغ تێپەریووە لەسەرەتای سەرهەلدانییەوە تاوەکو ئەمرۆ:

١- **قۆناغی ماددی:** لە قۆناغی یەکەمدا جەختکرایە سەر لایەنی مادی، ئەویش لەرێگای گرنگیدان بە بینای بەندیخانە و چۆنیەتی دروستکردنیان، بەجۆرێك دەستەی کارگێری بەندیخانە بتوانێت کۆنترۆل بکاتە سەر هەموو بەشەکانی، بەردەوام چاودێری بەندکراوان بکات، قۆناغی (قوتابخانەی تەقلیدی). شوێنکەوتوانی ئەم قوتابخانەیە پێیانوایە سەپاندنی سزا تەنیا بۆ ئەوەیە رێگری بکرێت لە تاوانباران بۆ ئەوەی جارێکیتر تاوان ئەنجام نەدەنەوە، هەروەها بۆ پارستنی کۆمەلگا و نەهێشتنی مەترس تاوانبار بۆ سەر تاکەکان. بویەش ئامانجی سزای بەندکردن لەم قۆناغە تەنیا زەوتکردنی ئازادی تاوانبار و رێگرتن لە راگرتنی بوو.

٢- **قۆناغی کەسی:** لە قۆناغی دووەمدا گرنگیدرا بەکەسی تاوانبار لەڕووی دابینکردنی مافەکانی و پاراستنی باری تەندروستی و نەسەپاندنی هیچ سزایەك بەبێ یاسا و رێنماییەکان. ئەم قۆناغە بە قۆناغێکی گرنگ و مێژوویی دادەنرێت لە گۆڕانکاری ژیانی بەندکراوان لە ناو بەندیخانەکاندا. قۆناغی (قوتابخانەی وەزعی ئیتالی).

**٣- قۆناغی ماددی و کەسی:**

لە قۆناغی سێیەمدا هەوڵ و کۆشش تەرخانکرا بۆ هەردوو لایەن (ماددی و کەسی)، جا بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوەکان ئاراستەکران بەرەو بنیاتنانی دامودەزگای سزایی کە هەموو لایەنەکان تەندروستی و دەروونی و هونەری و پێداویستیەکانی ژیانی بەندکراوان تێدا فەراهەمکرابی، بەم جۆرە بەندیخانە بوو بە شوێنی چاکسازی تاوانبار لە بری ئەوەی شوێنێك بێت بۆ ئازار و ئەشکەنجەدان. قۆناغی ( قوتابخانەی بەرگری کۆمەڵایەتی).

## یاساکانی تایبەت بە جێبەجێکردنی سزا:

یەکێك لە سەرچاوەکانی سزاناسی ئەو یاسایانەن کە تایبەتن بە جێبەجێکردنی سزای زەوتکردنی ئازادی، ئەم یاسایانەش ناویان دەگۆڕێ، لە زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکان ناودەبرێن بەیاساکانی بەندیخانە و لە وڵاتە سۆسیالیستەکان ناودەبرێت بە یاسای جێبەجێکردنی سزا، لەهەندێ وڵاتی وەکو یابان پێیان دەوترێت یاسای چاکسازی تاوانباران و لە عێراق لەدوای (١٩٨١) ناوی بوەبە **یاسای دامودەزگای گشتی چاکسازی کۆمەلایەتی** و لەهەرێمی کوردستانیش (٢٠١٨)پێی دەوترێت **یاسای سیستەمی فەرمانگەی چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق،** نەتەوە یەکگرتووەکانیش (١٩٥٥) پێی دەڵێت یاسای کەمترین سنوور بۆمامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان، **ئەو یاسایانە دەقەکانی پەیوەستە بە ماف و ئەرکی بەندکراوان و بنەمای تایبەت بە شێوازەکانی جێبەجێکردنی سزاو مامەڵە کردن لەناو بەندیخانە.**

### سەرچاوەکانی زانستی سزا

سەبارەت بە سەرچاوەی زانستی سزا دوو بیروبۆچوون هەن، یەکێك لەم بیروبۆچوونانە سەرچاوەکان لە یاسای سزاکان (القانون العقوبات) و یاسای ڕێوشوێنی دادگاییکردن (قانون اصول المحاکمات الجزائیە او قانون الاجراوات الجنائیە) و یاسای بەندیخانەکان (قانون السجون) و ڕێنماییەکانی بەندیخانە (تعلیمات او لوائح السجون) گلدەکاتەوە، بەڵام ئەوەی دیکە ئەم سەرچاوانە و هی دیکە بەسەرچاوەی زانستی سزا (علم العقاب) دادەنێت، لەبەرئەوەی ئەرکی زانستی سزا تەنها بریتی نیە لەجێبەجێ کردنی سزای سەپێنراو بەسەر تاوانبار، بەڵکو ئاراستەی یاسا دانەریش دەکات کەوا سزایەکی گونجاو و شێوازێکی شیاویش بۆ جێبەجێ کردنی دابنێ.

بەم جۆرە جگە لەم سەرچاوانەی ناوبراون، سەرچاوەی دیکەش هەن، کە بریتیین لە یاساکانی تاوانکاری وڵاتانی بیانی و کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان، هەروەها مشروعی نەتەوەی یەکگرتووەکان سەبارەت بە بنەماکانی کەمترین ڕادەیی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوەکان (قواعد الحد الادنی لمعاملە المسجونین).

## بەشی سێیەم/ دامودەزگا سزاییەکان و قوتابخانەکانی زانستی سزادان

### باسی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی دەزگا سزاییەکان:

ئەگەرچی بەندیخانە بە کۆنترین دامودەزگای سزادان هەژمار دەکرێت، بەڵام مێژووی ئەم دامەزراوە وەکو شوێنێکی جێبەجێکردنی سزای زەوتکردنی ئازادی لە (٣٠٠) ساڵ تێناپەڕێت، چونکە لەسەردەمی کۆندا ئەرکی بەندیخانەکان تەنیا بریتی بوو لە لەخۆگرتنی ئەو تاوانبارانەی کەسزاکەیان جستەیی بوو وەك (لەسێدارەدان، بڕینی ئەندامانی جەستە، جەلد)، هەروەها بۆ ئەوانەی لە قۆناغی دادگایدا بوون، کەواتە شوێنێك نەبوو بۆ جێبەجێکردنی سزای زەوتکردنی ئازادی، تەنانەت ئەم جۆرە سزاییە هەر بوونی نەبوو لەو کاتەدا، لەسەدەی ناوەڕاستدا تاوانباران لەنێوان قەڵاو جێگا سەختەکان و ژێر زەمین و لەنێو ژوورەکانی قوڵایی کەشتی و پاپۆڕەکان زیندانی دەکران، یان ڕەوانەی ناوچە داگیرکراوەکان و مەنفادەکرا). جگە لەمەش دەوڵەت خۆراك و پۆشاکی بۆ بەندکراوەکان دابین نەدەکرد، بەڵکو لەسەر خۆیان و خرم و کەس و کاریان بوو، چونکە لەلایەن دەوڵەتەوە سەرپەرشتی کارگێری بەندیخانەکان نەدەکرا، بەڵکو وەك پرۆژەی بازرگانی دەدرا بەکەسانی ئاسایی بەرامبەر بەکرێیەکی دیاریکراو، هیچ جۆرە سیستەمێکی وەك پشکنین و پۆلێنکردن و دابڕانی بەخۆوە نەدەبینی، بەڵام دوای سەدەی ناوەڕاست گۆڕانکاری لەلایەن ڕامیاری ڕوویدا وەك ڕوخانی سیستەمی دەرەبەگی و سەرهەڵدانی شۆرشی پیشەسازی لەلایەنی ئابورییەوە و کاریگەری ئایینی هەندێ چاکسازخوازەکان، ئەمانە و گەلێ هۆکار و گۆڕانکاری لە بواری جیاجیا بووەهۆی بایەخدان بە بەندیخانە و بەندکراوەکان بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی سزای زەوت کردنی ئازادی، جا بۆیە ئەم چەرخە بە سەدەی نوێ دادەنرێ (لەسیستەمی سزایی)، چونکە بەندکراوەکان گرنگیەکی زۆریان پێدراوە لەلایەنی شێوازی مامەڵەی سزایی و پۆلێنکردنی بەندکراوەکان و تایبەتمەندی بەندیخانەکان، واتە تەرخانکردنی جۆرە ئیشێکی دیاریکراو یان کارێکی دیاریکراو، یان جێبەجێکردنی سیستەمی سزایی دیاریکراو. کاتی ئێستاش بەوە جیادەکرێتەوە کە جەختکراوە سەر بەندیخانەکان و شێوازی مامەڵەکردن لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنگرەی نێودەوڵەتیەکان بەجۆرێك سیاسەتی تاوانکاری ئاراستەی بەرەو چاکسازی و ڕاهێنانەوەی بەندکراوەکان.

سەبارەت بەهەڵوێستی ئاینی ئیسلامیش دەربارەی بەندیخانە یان سزای زەوتکردنی ئازادی، ئاشکرایە سزای تاوان دەکرێ بەدوو جۆر(العقوبات الحديە و التعزيريە)، لە تاوانەکانی حدود سزاکەی دیاریکراوە کە بریتییە لەکوشتن و بڕینی یەکێ لە ئەندامانی لەشی و لێدانی بەبڕی دیاریکراو ...هتد. کەواتە سزای زەوتکردنی ئازادی تیا نیە، لەکاتی دەسەڵاتی پێغەمبەر (د.خ) و ئەبوبەکر (ر.خ) هیچ شوێنێکی دیاریکراو

نەبووە بۆ بەندکردنی تاوانباران، بەلآم موسڵمانان سیستەمی بەندیخانەیان لە سەردەمی خلیفە عومەر(ر.خ) زانیوە. بەم جۆرە بەندیخانە بلآوبۆوە لە دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسی بەتایبەت لە کاتی خەلیفە عومەر عەبدولعەزیز  کە سیستەمێکی وردی دانا بۆ بەندیخانە بەناوی (دیوانی السجون) بەجۆرێك کەرامەت و مرۆڤایەتی بەندکراوەکان بپێنێتەدی، لەگەڵ ئەوەشدا زاراوەی بەندیخانە لە قورئانی پیرۆز ئاماژەی پێکراوە لە سورەتی یوسف کە خودای گەورە دەفەرموێت (قَالَتْ مَا جَزَاءُ مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوءًا إِلَّا أَن يُسْجَنَ أَوْ عَذَابٌ أَلِيمٌ) سورة يوسف الاية(٢٥).

مێژوویی یەکەمین بەندیخانە لە وڵاتی عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٩١٨ز)ئەوکات بۆ یەکەم جار (بەندیخانەی قەڵحە)دروستکرا لەناو وەزارەتی بەرگری، لە سەردەمی ئینگلیزەکان، هەروەها بەندیخانەیەکی تردروستکرا بەناوی بەندیخانەی(سیم)ئەو ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر چوار دەوری تەلبەند کرابوو بە(سیم )، دواتر لەناوچەی (باب ئەلمعزەم) بەندیخانەی ناوەندی بەغدایان دروستکرد، پاشان ئەو بەندیخانەیە گوازرایەوە بۆ ناوچەی (ئەبو غرێب).

## باسی دووەم: پێناسە و جۆرەکانی سیستەمە سزاییەکان:

### پێناسەی سیستەمەکانی دامو دەزگا سزاییەکان:

مەبەست لەسیستەمی دامودەزگا سزاییەکان ئەوەیە شێوازی ژیانی بەندکراوان لەگەڵ یەکتر لەناو بەندیخانە ڕووندەکاتەوە، تاچەند ڕێگا دەدرێت بە بەندکراوەکان پەیوەندی لەگەڵ یەك بکەن، واتە بریتییە لە چۆری پەیوەندی نێوان بەندکراوەکان لەنێو دامودەزگا چاکسازییەکاندا هەیە، ئایا هەموو کاتێك تێکەڵ و ڕێگایان پێدەدرێت بۆ ئاڵوگۆری گفتوگۆ یان لەیەکتری جیا دەکرێنەوە بە جۆرێك هیچ ڕێگا نادرێت بە گفتوگۆو تێکەڵ بوون یان کاتی دیاریکراو هەیە بۆ تێکەڵ بوون و جیابوونەوە.

لەبەرئەوەی مەبەست و ئامانجی سزا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لەسەردەمە جیاجیاکاندا، بۆیە ئەو سیستەمانەی کە پەیڕەوکران بۆ دیاریکردنی جۆری پەیوەندی بەندکراوان لەگەڵ یەکتردا بەهەمان شێوە گۆڕاون و جۆراوجۆرن.

**جۆرەکانی سیستەمی سزایی:-** بەم شێوەیەی کەباسی لێوە دەکرێت لەخوارەوە.

**یەکەم: سیستەمی بەکۆمەڵ (النظام الجمعي):**

ئەم سیستەمە کۆنترین سیستەمە کە پەیڕەوکراوە لەبەندیخانەکان، بەجۆرێك ئافرەت و پیاو و گەورەو بچوك تێکەڵاو دەکران لە سەدەکانی کۆن و ناوەراست، هەروەها تێکەڵکردنی بەندکراوەکان بە شەو و ڕۆژ بۆ،

ڕێگە دەدرا بە ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچون و دروست بۆنی پەیوەندی نێوان بەندکراوان، بەلاّم سیستەمی بەکۆمەڵ ئێستا شێوازی گۆڕاوە بەجۆرێك ئەم سیستەمە پەیڕەودەکرێت دوایی دابڕانی بەندکراوەکان لەسەر بنەمای ڕەگەز و تەمەن .... هتد.

کەواتە سیستەمی بەکۆمەڵ ئەو سیستەمەیە کە هەڵدەستێت بە تێکەلاّوکردنی بەندکراوان بەشەوو ڕۆژ لەشوێنی خواردن و نووستن و کار و پەروەردەکردن..هتد، بەپێی ئەمەش لەهەموو ئەم شوێنانە ڕێگە بە ئاڵوگۆڕکردنی ڕاگۆڕینەوەو قسەکردن دەدرێت لە نێو بەندکراوان.

**لایەنە باشەکانی سیستەمی بەکۆمەڵ:**

١. کاریگەری خراپی نییە لەسەر بەنددکراوان لەڕووی کۆمەلاّیەتی و تەندروستی دەروونی و بیروهۆشەوە، چونکە مرۆڤ لە سروشتەوە ئارەزوو بەتێکەڵبوون دەکات، بونەوەرێکی کۆمەلاّتییە.

٢. ڕێگا دەدات بۆکارکردن بەشێوەیەکی دروست و بەکارهێنانی ئامێرەکان بۆ کارکردن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی بەرووبومێکی زۆر بەهۆی کاری بەکۆمەڵ.

٣. تێچونێکی زۆری ناوێ لەڕووی بینایە و دابینکردنی کەلوپەل و سەرپەرشتی کردن.

**کەموکورتیەکان، یاخود لایەنە خراپەکانی سیستەمی بەکۆمەڵ:**

١. بریتییە لە تێکەڵکردنی بەندکراوەکان بە شەو و ڕۆژ، ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبوونی کاریگەری خراپی تاوانبارە ترسناکەکان لەسەر ئەو تاوانبارانەی مەترسیان لەسەر نییە، بەو مانایەی کە بەندیخانە دەبێتە شوێنێك یان قوتابخانەیەك بۆ فێربوون و چۆنیەتی ئەنجامدانی ڕفتاری تاوانکاری و، دروستبوونی گرووپی تاوانی ڕێکخەر.

٢. سیستەمی بەکۆمەڵ ڕێگە خۆشکەرە بۆ دروستبوونی ڕای گشتی دژ بەدەسەلاّتی بەندیخانە.

٣. سیستەمی بەکۆمەڵ ڕێخوشکەرە بۆ بلاّوبوونەوەی ڕەفتاری بەدڕەوشتی لەنێوان بەندکراوان.

٤. سیستەمی بەکۆمەڵ سەرچاوەی بلاّوبوونەوەی دیاردەی فرۆشتن و بەکارهێنانی مادده سڕکەرەکان لەنێو بەندکراوان.

٥. دروستبوونی توندوتیژی لەنێوان بەندکراوان، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدانی هێمنی و ئارامی ناو بەندیخانە.

**تێبینی/ گشت بەندیخانەکانی هەریمی کوردستان سیستەمی بەکۆمەڵ جێبەجێ دەکەن.**

**دووەم: سیستەمی بەتەنهایی:**

بریتییە لەدانانی هەر بەندکراوێك لە ژوورێکی تایبەت کە بەتەنیا تیایدا دەژیت بە شەو و ڕۆژ و هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ بەندکراوانیتر نیە، ناتوانێ گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات و ئەنجامدانی ئەو کارەی کە پێی دەسپێردرێت، هەر ڕێنمایی و ئاراستەکردنێك کە لەمامۆستایانی تایبەتمەند و پیاوانی ئاینی وەریدەگرێت هەر لەناو ژورەکەی دەبێت، ئەم سیستەمە پێچەوانەی سیستەمی پێشوترە، بۆیە بەیەکێ لە چاکیەکانی لەناوبردنی ئەوخراپیانەیە کە لەسیستەمی بەکۆمەڵ پەیدا دەبێت ئەویش کاریگەری تاوانبارە ترسناکەکان لەسەر ئەوانەی مەترسیان لێ ناکرێ، ئەمەش بە هۆی تێکەڵکردنی بەندکراوەکان بە شەو و ڕۆژ.

پێویستە لەم سیستەمە ژمارەی ژوورەکانی بەندیخانە هێندەی ژمارەی بەندکراوان بێت، هەموو پێداویستیەکانی مانەوەو کارکردن و خوێندن و کاری چاکسازی پێویست بۆ بەندکراوان دابین بکرێت.

**باشییەکانی سیستەمی بە تەنهایی:**

١. ڕێگە خۆشکەرە بۆ نەهێشتنی ڕای گشتی لەسەر دەسەڵاتدارانی بەندیخانە.

٢. لەناوبردنی کاریگەری تاوانبارە ترسناکەکان لەسەر ئەوانەی مەترسی تاوانیان لێ ناکرێ.

٣. نەهێشتنی توندوتیژی لە نێو بەندکراوان، فەراهەم کردنی هێمنی و ئارامی لە نێو بەندیخانەدا.

٤. ڕێگە دەگرێ لەدروستبوون و پێکهێنانی باندە تاوانیەکان لەبەندیخانە.

٥. ڕێگرە لەپرۆسەکانی ڕاکردن لەبەندیخانە.

٦. ڕێگرە لەبلاوبوونەوەی بەدرەوشتی لەنێوان بەندکراوان.

٧. لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە ڕێگە دەدات بەجێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی چاکسازی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لەسەر بنەمای پێویستی هەر بەندکراوێك.

**خراپییەکانی سیستەمی بە تەنهایی:**

١- پارە و پولێکی زۆری تێدەچێت، بەتایبەتی لەڕووی دروستکردنی ئەم بینایەی کە ئەم جۆرە سیستەمەیان تیدا پەیڕەو دەکرێت لە ڕووی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان لەگەڵ کاری چاکسازی......هتد.

٢- زۆری ژمارەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان کە دابینکردنیان ئاسان نیە.

٣- بەندکراو ناتوانێ شارەزایی پەیدابکات لە ئیش و بەکارهێنانی ئامێری نوێ بۆ کارکردن کە لە ئاکامی پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیاوە پەیدا دەبێت. بچوکی شوێنەکە تەنها ڕێگای کاری دەستی دەدات، هەروەها کارکردن بەتەنها بەرهەمی کەمترە.

٤- جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە زەحمەتە ئەگەر ژمارەی بەندکراوان زیاتر بێت لە ژمارەی ژووری بەندیخانەکە.

٥- کاریگەری خراپی هەیە لەسەر بەندکراوان لەڕووی دەروونیەوە، کە زۆر جار دەبێتە هۆی تێکچونی باری دەروونی و لەدەستدانی هۆش و بیر، بەڵکو هەتا خۆکوشتنیش.(**ئەمە توندترین رەخنە بوو کە ئاراستەی سیستەمی بەتەنهایی کرا)**.

**پێویستە ئاماژە بەمانەی خوارەوە بکرێت:**

- **کۆمەڵەی یەکەم:** هەندێ لە لێکۆڵەرەوان سەرەتای پەیڕەوکردنی ئەم سیستەمە دەگەڕێننەوە بۆ ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەتایبەتی لە شاری فلادلفیا لە ویلایەتی پەنسلفانیا، هەر بۆیەش بەو ناوە ناونراوە.
- **کۆمەڵەی دووەم:** هەندێکیش دەیگەڕێننەوە بۆ وولاّتانی ئەوروپی، بەتایبەتی هۆڵەندا و ئیتاليا لەژێر ئەو بنەمایەی کە ئەو بیرۆکەیە لە بەندیخانەکانی کەنیسەوە گوازراونەتەوە بۆ بەندیخانە شارستانیەکان.
- **لەگەڵ ئەوەی** کۆمەڵەی دووەم بە بەڵگەی باوەڕپێکراو و راستی بەدەستەوەیە، بەوەی کە مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای ئایینی، بەلاّم کۆمەڵەی یەکەم بەڵگەی بەهێزترە، چونکە بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٧٩٠ لە کەنیسە لەشاری فلادلفیا لە ویلایەتی بنسلفانیا پیادە دەکرا، ئەمەش هەر لەسەر ئەو بناغەیەی کە گوایە تاوانبار گوناهێکی کردووە و دەبێ پاککردنەوەی گوناهەکەی بدات، ئەویش بەبەندکردنی لە شوێنێکی دابڕاو تا بەخۆیدا بچێتەوەو تۆبە بکات، بەلاّم لە ساڵی ١٩١٣ ئەم سیستەمە قەدەغەکرا.

**پرسیار/ بۆچی سیستەمی بەتەنهایی وەك سیستەمێکی سەربەخۆ پەیڕەو ناکرێ لەکاتی ئێستادا، پەیڕەوکردنی تەنها خۆی لەهەندێ کاتدا دەبینێتەوە؟**

١- وەکو سزایەکی تەمبێکردن بۆ ئەو بەندکراوانەی کە سەرپێچی سیستەمی ناوخۆیی بەندیخانەکان دەکەن.

٢- وەکو هەڵوێستێکی پاراستنی ئاسایشی تەندروستی ناو بەندیخانەکان لە کاتی توشبوونی بەندکراوان بەو نەخۆشانەی کە توانای گواستنەوەی هەیە و یان لادانی سێکسی.

٣- پرۆسیەکی کاتی پەیڕەودەکرێت بەرامبەر بڕیار لەسەردراوان تاکو پۆلین دەکرێن.

٤- قۆناغی یەکەم سیستەمی پلەدار.

**سێیەم: سیستەمی تێکەلاو (اوبرن):**

ئەم سیستەمە مام ناوەندە لە نێوان هەردوو سیستەمەکەی پێش خۆی بە کۆمەڵی و بە تەنهایی، بەجۆرێك بەندکراوەکان بەڕۆژ تێکەلاو دەکرێن بۆ ئیشکردن و نان خواردن و بەرنامەی ئایینی و ڕەوشتی و گشت بەرنامە چاکسازیەکان تر، بەلام بە شەو هەریەکە دەچێتە ژووریکی بەتەنها.

لەسەرەتادا لەکاتی تێکەلاو کردنی بەندکراوان بەڕۆژ نەدەبوو قسەو گفتوگۆ لەگەڵ یەکتر بکەن، هەر بۆیە ناودەبرێت بە **سیستەمی بێ دەنگی (بۆچی ئەو ڕێسایە دانرا؟):**

١- بۆ ئەوەی تاونباران پەیوەندی لەگەڵ یەك دروست نەکەن.

٢- ڕێگا بگرن لە لەکاریگەری بەندکراوە خراپ و ترسناکەکان لەسەر ئەوانی دیکە.

بەلام لە دواییدا ئەم ڕێسایە بەڕەهایی جێبەجێنەدەکرا، بۆیە ڕێگەدرا کە بەندکراوان گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا بکەن لەکات و ساتی دیاریکراو، هەروەك سزایی سەرپێچێکردنی بێ دەنگیش سوك و ئاسانتر بوو.

ئەم سیستەمە بۆیەکەم جار لە بەندیخانەکانی شاری (ئۆبرن) لە ویلایەتی نیویۆرك لە ساڵی (١٨١٨) پەیرەو کرا بۆ کەمکردنەوەی خراپیەکانی هەریەك لەسیستەمەکانی پێش خۆی بە کۆمەڵ و بەتەنهایی.

**چاکییەکانی (باشی)یەکانی سیستەمی تێکەلاو:**

١- پارەی تێچونی کەمترە وەك لەسیستەمی بەتەنهایی و زۆرترە لە سیستەمی بەکۆمەڵ، چونکە ژوورەکانی تەنها بۆ مانەوەی بەندکراوەکانە لەکاتی حەوانەوە (پشوودان)، پێویستی بە دابینکردنی هەموو ئەو پێداویستیانە نییە کە لەژووری بەتەنها پێویستی پێیەتی.

٢- ئەوەندە کارمەند و پسپۆری چاکسازی و مامۆستای ئایینی ناوێت.

٣- ڕێگەدەدات بە ڕێکخستنی پڕۆگرامی کارکردن و بەکارهێنانی ئامێری نوێ بۆ ئیشکردنی بەندکراوان.

٤- بووە هۆی نەهێشتنی کاریگەری خراپی بەندکردن بەتەنهایی شەو و ڕۆژ لەڕووی دەروونی و عەقلی لە سەر بەندکراو.

٥- لەهەمان کاتدا توانی کەم وکوری وخراپیەکانی سیستەمی بەکۆمەڵ کەم بکاتەوە لە کاتەکانی تێکەلاوکردنی تاوانباران بە شەو ڕۆژ بەتایبەتی کاتی شەو:

أ- شەو ئەو کاتە گونجاوەیە کە بەنکراوان گفتوگۆ و نهێنیەکانی تیدا ئەنجام بدەن.

ب- رێککەوتنی تاوانباران لەسەر پێشلکردنی سیستەمی ناوخۆی بەندیخانە وپلاندانان دژ بە بەندیخانە.

ت- دروستبوونی توندوتیژی و پەیوەندی نەشازی سێکسی لەنێوان بەندکراوان.

پ- بازرگانی و بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان(المخدرات)...هتد.

هەروەها بە رۆژ ڕێسای بێ دەنگی دانرا، لەکات و ساتی دیاریکراو ڕێگەدرا بەندکراوان گفتوگۆ بکەن لەگەڵ یەکتردا.

**کەم وکورییەکانی ( خراپی )ـەکانی سیستەمی تێکەڵاو:**

بێ دەنگکردنی بەندکراوان لەکاتی تێکەڵاو کردنیان کارێکی زەحمەتە و کاریگەری دەروونی خراپی هەیە لەسەر بەندکراوان، بۆیە لەسەرەتای پەیدابوونیەوە هەمیشە لێدان بەکاردەهات بۆبێدەنگ کردنیان. بەڵام لە دواییدا ڕێسایی بی دەنکی بەڕەهایی جێبەجێنەدەکرا، هەروەك سزایی سەرپێچێکردنی ئەم ڕێسایە سوك و ئاسانتر بوو.

<u>**ئەم سیستەمە لە سەردەمی ئیستادا بەیەك لە باشترین سیستەمی دامو دەزگا سزاییەکان هەژماردەکرێت.**</u>

**چوارەم: سیستەمی پلەدار یان ئێرلەندی:**

مەبەست لەسیستەمی پلەدار دابەشکردنی ماوەی سزایی زەوتکردنی ئازادی بۆ چەند قۆناغێك، و لە هەر قۆناغێك ئەو سیستەمە و ڕێنماییەکی جیاواز دەسەپێنرێت بەسەر تاوانبار بەرەبەر مامەلە توندوتیژییەکەی کەم دەکرێتەوە، بەو مەبەستەی ببێتە پاڵنەرێك بۆملکەچبوونی بەندکراو بۆ ڕێنماییەکانی بەندیخانە و گواستنەوەی لەقۆناغ و ژیانێکی ئازادی زەوتکراو بەشێوەیەکی پلەدار بۆژیانێکی ئازادی بەمەرج لەکۆمەڵگا دوایی دەرچوون لەبەندیخانە.

**قۆناغەکانی شێوە کۆنەکەی سیستەمی پلەدار:**

**قۆناغی یەکەم:** بەندکراو بەشەو و رۆژ بەتەنها دەخرێتە زیندانەوە(سیستەمی بەتەنهایی).

**قۆناغی دووەم:** تەنها بەشەو دابڕاو دەبن و بەڕۆژ تێکەڵاوی بەندکراوەکانی تردەکرێن(سیستەمی تێکەلاو).

**قۆناغی سێیەم:** ئازادی زیاتری پێدەدرێت تاوەکو وای لێ دێت کەسیستەمی ئازادکردنی مەرجدار دەیگرێتەوە و بەسەریدا پراکتیزە دەکرێت.

**بەلأم لە شێوە نوێیەکەی دەبێتە ( ٥ ) قۆناغ کەواتە دوو قۆناغی تری بۆ زیاد دەبێت.**

**قۆناغی یەکەم:** بەندکراو شەو و رۆژ بەتەنها دەخرێتە زیندانەوە(سیستەمی بەتەنهایی).

**قۆناغی دووەم:** تەنها بەشەو دابڕاو دەبن و بەڕۆژ تێکەلاوی بەندکراوەکانی تردەکرێن(سیستەمی تێکەلاو).

**قۆناغی سێیەم:** ڕێگا بە بەندکراو دەدرێت لە دەرەوەی بەندیخانە کار بکات ئەمە پێی دەوترێت سیستەمی نیمچەکراوە.

**قۆناغی چوارەم:** گشت بەربەستە ماددی و پاسەوانەکان و چاودێری هەڵدەگیریت لەسەر بەندکراو، بەشێوەیەکی گشتی پێی دەوترێت سیستەمی کراوە، ئەم قۆناغە قۆناغی ڕاهێنانە لەسەر ژیانی ئازاد.

**قۆناغی پێنجەم:** ئازادکردنی مەرجدار.

ئەم سیستەمە بۆ یەکەم جار لە دوورگەی نورفولك لە ئوسترالیا لەساڵی ١٨٤٠ جێبەجێکرا لەسەر دەستی (ئەلیکسەندەر ماکونچی) پاشان گوێزرایەوە بۆ ئینگلتەرا و ئیرلەندە **بەسیستەمی ئیرلەندی ناسرا**.

گواستنەوەی بەندکراو لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە پەیوەستە بە ڕەفتاری بەندکراو و پابەندبوونی بەڕێنمایی هەر قۆناغێك و ئەو نمرەیەی وەریدەگرێت، چونکە لەڕێگەی نمرەکانیەوە دەردەکەوێت تاچەند بەرنامەکانی چاکسازی لە ڕەفتارەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەمەش دەبێتەهۆی بەرقەراربوونی سیستەم و دروستکردنی بواری گوێڕایەڵی و هاریکاری لەنێوان بەندکراوەکان و ئەندامانی کارگێری.

کەواتە دەتوانرێت بگوترێت کە ئەم گواستنەوەیە خۆی لە خۆیدا پاداشتە، بۆیە هەرکاتێ دەرکەوت کەوا بەندکراو بەرەو چاکسازی نەڕۆیشتوە و دەتوانرێت ئەم سیستەمە پێچەوانە بکرێتەوە، بەجۆرێك مامەڵەکردن و ڕێنماییەکانی بەرەو توندوتیژی پلەداربێت. ***بەهۆی ئەمەوە ئەم سیستەمە ناسراوە بە سیستەمی پاداشت.***

شایەنی باسە ئەم سیستەمە دوو شێوەی لە خۆگرتوە شێوەی کۆن و شێوە نوێکەی، شێوەی یەکەم خۆی لە دابەشکردنی سزای زەوتکردنی ئازادی بۆ چەند بەشێك دەبینێتەوە و ئەویش بریتی بوو لە گواستنەوەی بەندکراو لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر، بێ ئەوەی هیچ سودێکی مەعنەوی تیادا بێت کە دەبێتە متمانە بەخۆکردن و گەشەکردنی ژیانی سروشتی لەلای بەندکراو، ئەویش بەڕێگادان بە بەشداریکردنی بەندکراو لە سەرپەرشتیکردنی هەندێ لایەنی ئیش و کار و چالاکی لەناو بەندیخانە بەو مەرجەی کە گرنگی بدرێت بەوانەی بەتوانا و بەهرەدارن، هەروەها لە سەرۆکایەتی کردنی چالاکی هونەری و وەرزشیەکاندا...هتد، ئەمە لە شێوە نوێیەکەی فەراهەمکرا.

## چاکییەکانی ( باشی )یەکانی سیستەمی پلەدار:

١- دەوترێت ئەم سیستەمە لەسەرەوەی هەموو سیستەمەکانی پێشوو دادەنرێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی بەرنامەی چاکسازی تاوانبار و ڕاهێنانەوەی تیادایە، بەتایبەتی شێوە نوێیەکەی بۆتە هۆی نەهێشتنی زۆربەی ئەو ڕەخنانەی کەلێی دەگیرێت، چونکە وادەکات کەبەندکرا بەویستی خۆی پەیڕەوی سیستەمەکانی هەر قۆناغێك بکات بەبێ بەکارهێنانی هێزو توندو تیژی.

٢- پلەدارکردنی سزاکەی لە توندوتیژیەوە بۆ سوکتر، دەبێتە هۆی چاکسازی بەندکراوان، چونکە سروشتی مرۆڤ ئەو پلەداریە دەخوازێ لەپێناو گەشەکردنی توانای بەندکراو بۆ وەڵامدانەوەی ڕێنماییەکانی هەر قۆناغێك.

٣- گواستنەوە لە قۆناغێکی نزمەوە بۆ قۆناغێکی بەرز، دەبێتە هۆی چاندنی تۆی متمانە بەخۆکردن لای بەندکراو، هەروەها پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی زیاتر هەوڵ بدات بۆ باشکردنی خوڕەوشت و ئیش بۆئەوەی بگاتە بارێکی باشتر.

## کەم وکوڕییەکانی ( خراپی ) سیستەمی پلەدارکردن:

١- دەبێتە هۆی بێبەشکردنی بەندکراو لە باشیەکانی قۆناغەکانی دیکە، کاتێك لە قۆناغی یەکەم دادەنرێت، بێ ئەوەی هیچ پاساوێك هەبێ، بەڵکو لەوانەیە ئەو باشیانەی پێویست بێت کە لە قۆناغەکانی پێشوو هەیە.

٢- هەروەها ئەو سیستەمە ڕێگا دەدات بەوەی قۆناغەکانی بەشێوەیەکی پێچەوانەیی پراکتیزە بکرێت ئەگەر ڕەفتاری بەندکراو بەرەو خراپی ڕۆیشت یان چاککردنەوە لە ڕەفتاری ڕووی نەدا.

٣- پراکتیزەکردنی توند بۆ ئەم سیستەمە لەوانەیە ببێتە هۆی مانەوەی لە قۆناغێك، چونکە دەبێ بەندکراو تێبگەیەنرێت ئەو سیستەمە بەرنامەیە بۆ ڕاهێنانەوەی، نەك تەنیا چەند قۆناغێکی ڕەق و وشك کە پێداتێدەپەڕێت، لەوانەیە هەندێ جار پلەداری لەمامەلەی سزای گرنگ بێت، بەلام لەهەندێ جاری دیکە گرنگی نامێنێ، بەپێی بارودۆخی تاوانبار. جگە لەم سیستەمە سەرەکیانە هەندێ سیستەمی دیکەی لاوەکی هەن کە زۆر پراکتیزە نەکراون لەمانە سیستەمی چاکسازی ئەو سیستەمە دەوەستێتە سەر متمانە.

٤- پارە و پولێکی زۆری تێدەچێت، بەتایبەتی لەڕووی دروستکردنی ئەم بینایەی کە ئەم جۆرە سیستەمەیان تیدا پەیڕەو دەکرێت، هەروەها لە ڕووی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان و لەگەڵ کاری چاکسازی......هتد، زۆری ژمارەی سەرپەرشتیاران و مامۆستایان کە دابینکردنیان ئاسان نیە.

## باسی سێیەم: جۆرەکانی دەزگا سزاییەکان:

## جۆرەکانی دام و دەزگا سزاییەکان ( پێناسە ):

لە ئامانجەکانی سزاناسی بوونی بەندیخانەی هەمەجۆر و تایبەتمەندە بەهەر کۆمەڵەیەك لەبەندکراوان، بەجۆرێك بەندکراوان دابەش دەکرێت بەسەر بەندیخانە جیاجیاکان بەپێی جیاوازی تەمەن ئەمەش بریتیە لە جیاکردنەوەی مێردمنداڵ لە گەورە یان بەپێی ڕەگەز وەك جیاکردنەوەی ئافرەت لە پیاو، یان بەپێی جۆری سزاکە واتە جیاکردنەوەی ئەوانەی سزایان بەسەردا سەپێنراوە لەوانەی کە خۆچەپارەدان دەیانگرێتەوە یان

بەپێی ماوەی سزاکەی کەئەویش بریتیە لەجیاکردنەوەی ئەوانەی ماوەی سزاکەیان کەمە لەوانەی سزاکەیان زۆرە.

جۆرەکانی بەندیخانە بریتیە لە پلەی ئەو پاسەوانیەتییەی کەوا دەخرێتە سەر بەندکراو (بریار لەسەر دراو) لەنێو دام ودەزگا سزاییەکان و چەندیەتی ئەو ئازادییەی کەپێی دەبەخشرێت، یان بریتییە لە پەیوەندی بەندکراو بەجیهانی دەرەوە.

کەواتە دەتوانرێت بڵێن جۆرەکانی بەندیخانە هەردوو لایەن دەگرێتەوە، بەجۆرێك بریتییە لە پلەی پاسەوانیەتی سەپێنراو بەسەر کەسانی بەندکراو، لەهەمان کاتدا مانای پێچەوانە دەگەیەنێت( بەمانای) کەوا بڕی ئەو ئازادیەی بە بەندکراو دراوە چەندە؟ ئەمەش پەیوەندی بەندکراو بەجیهانی دەرەوە ڕووندەکاتەوە و تاچەند ئەم پەیوەندیە هەیە و چۆنە؟و پەیوەندی بەندکراو بە ئەندامانی دەستەی کارگێری دامودەزگاش دیاری دەکات.

## یەکەم: دام و دەزگا سزاییە داخراوەکان:

بریتییە لەو دام و دەزگا سزاییانەی کە دەور دەدرێت بە بەربەست و ڕێگری ماددی وەك دیوار و پەرژینی بەرز و تەلی لێك ئاڵاو و تەلی کارەبایی و پاسەوانی زۆر... هتد، بەجۆرێك بەربەست و ڕێگر دەبێت لەڕاکردنی بەندکراوەکان، جگە لەمەش پاسەوانێتی توندوتیژ پەیڕەو دەکرێت ، هەر بەندکراوێك هەوڵی ڕاکردن بدات سزا دەدرێت، هەروەها شێوازی مامەڵەکردن و جۆری ئەو ڕێنماییانەی پەیڕەوی دەکرد لەم جۆرە دامودەزگایانە توندوتیژترن، سەرپێچی کردنیش خاوەنەکەی دووچاری سزایی کارگێری دەکات.

ئەم جۆرە کۆنترین جۆری دامودەزگاکانە، چونکە کە سەری هەڵداوە لەسەر ئەو شێوەیە بووە، هەتا ئێستاش هەر ماوە لە زۆربەی وڵاتاندا، بەڵام تایبەتە بە هەندێ کۆمەڵەی تاوانباران بەتایبەتی ئەوانەی مەترسی زۆریان هەیە لەسەر کۆمەڵگە.

**پرسیار/ ئەو هۆکارانەی بوونەهۆی بڵاو بوونەوەی دامەزراوە داخراوەکان؟**

وەڵام/ بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە بەندیخانانە لە کۆنەوە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی کە ئەمانەن:

١- جاران کۆمەڵگا بەو چاوە سەیری تاوانباری دەکرد، کە مرۆڤی ترسناکن، بۆیە پێویستە بخرێنە دامودەزگای داخراو و دابڕێن لەکۆمەڵگا.

٢- ئەوانەی کە سەرپەرشتی و کارگێڕی دامودەزگا سزاییەکانیان دەکرد لە زۆربەی دەوڵەتان سەر بە دەستەی سەربازی و پۆلیسی بوون، بیروبۆچونیان وا بوو کە مامەڵەکردنی تاوانباران ئەبێ لەسەر بناغەی بەندیخانەی داخراو و سیستەمی توندوتیژ بێت باشترە وەك لەشێواز و جۆری دیکە.

## خراپییەکانی سیستەمی بەندیخانەی داخراو:

١- سەپاندنی پاسەوان و سیستەمی توندوتیژی لەسەر بەندکراو وای لێ دێت کە متمانەی بە خۆی نەمێنێ.

٢- دابڕانی تاوانباران له كۆمه‌ڵگا به‌شێوه‌یه‌كی یه‌كجاری ده‌بێته‌ هۆی تێكچونی باری ده‌روونی به‌جۆرێك زه‌حمه‌ته‌ كه‌ جارێكی دیكه‌ بتوانێ به‌ئاسانی تێكه‌ڵاوی كۆمه‌ڵگا ببێته‌وه‌ و له‌گه‌ڵیدا بگونجێ.

٣- تێچوونی زۆری ده‌وێت له‌ڕووی دروستكردنی بینایه‌وه‌ به‌تایبه‌تی دروستكردنی په‌رژین و دیوار و ڕێگری ماددی كه‌ به‌ندیخانه‌ پێی ده‌وره‌ده‌درێت.

٤- پێویستی به‌ دامه‌زراندنی پاسه‌وانی چه‌كداری زۆر هه‌یه‌ بۆ پاسه‌وانێتیكردنی به‌ندكراوان.

به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا هه‌روه‌ك له‌پێشه‌وه‌ ئاماژه‌ی بۆ كراوه‌ ئه‌م جۆره‌ به‌ندیخانه‌یه‌ شیاوترین جۆری به‌ندیخانه‌یه‌ بۆ تاوانباره‌ ترسناكه‌كان به‌به‌راورد به‌جۆره‌كانی دیكه‌.

***هه‌موو به‌ندیخانه‌كانی هه‌ریم جۆری به‌ندیخانه‌ی داخراون.***

## دووه‌م: دام و ده‌زگا سزاییه‌ كراوه‌كان:

دامودەزگا سزاییه‌ كراوه‌كان، به‌وه‌ جیاده‌كرێنه‌وه‌ كه‌وا پشت نابه‌ستێت به‌ به‌ربه‌ست و ڕێگری مادی هه‌روه‌ك له‌دام و ده‌زگا سزاییه‌ داخراوه‌كاندا ده‌بینرێت، به‌ڵكو به‌شێوازی مه‌عنه‌وی كه‌ ده‌بێته‌ هۆی پته‌وكردنی په‌یوه‌ندی نیوان به‌ندكراو و كارگێری دامودەزگا و دروست كردنی هه‌ستی لێپرسراوه‌تی، ئه‌ویش له‌سه‌ر بناغه‌ی متمانه‌كردن به‌ به‌ندكراوان له‌لایه‌ك، بیروبۆچوونی ده‌سته‌ی كارگێڕی به‌وه‌ی كه‌ سزای زه‌وتكردنی ئازادی ئامرازێكه‌ بۆ چاكسازی تاوانباران له‌لایه‌كی دیكه‌وه‌.

واته‌ له‌م جۆره‌ دامودەزگایه‌دا ڕێگرو به‌ربه‌ستی ماددی نییه‌ به‌و شێوه‌ی له‌ دامودەزگا داخراوه‌كاندا هه‌یه‌، له‌لایه‌نی بینایه‌وه‌، هه‌روه‌ها له‌ڕووی پاسه‌وانێتییه‌وه‌ بۆ دابڕینی به‌ندكراو ڕێگه‌گرتن له‌ ڕاكردنیان، هه‌روه‌ك په‌نا ببرێته‌ به‌ر توندو تیژی له‌مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ به‌ندكراوان و جێبه‌جێكردنی سیسته‌می به‌ندیخانه‌و ئه‌میش له‌ ئاكامی ئه‌وه‌ی كه‌ كارگێری دامودەزگا و به‌ندكراوان باوه‌ڕیان به‌وه‌ هه‌یه‌ كه‌ ئه‌م دامودەزگایانه‌ شوێنی چاكسازی و ڕاهێنانن نه‌ك ئازار و ئه‌شكه‌نجه‌دان.

## چاكییه‌كانی یان باشییه‌كانی دام وده‌زگا كراوه‌كان:

١- كه‌می تێده‌چێت له‌ ڕووی بینایه‌وه‌.

٢- پاسه‌وانیه‌تی زۆری ناوێت.

٣- نابێته‌ هۆی تێكچونی باری ده‌روونی و عه‌قلی تاوانباران، چونكه‌ به‌یه‌كجاری دانابڕێت له‌ كۆمه‌ڵگا.

٤- ژیان هه‌ر وه‌ك ڕاهێنانێكی كۆمه‌لایه‌تی وایه‌ بۆ گه‌رانه‌وه‌ بۆ ژیانی ناو كۆمه‌ڵگا.

٥- ئه‌و جۆره‌ مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵیان ئه‌نجام ده‌درێت وا ده‌كات كه‌ به‌ندكراو متمانه‌ی به‌ خۆی په‌یدا بكات، ببێته‌ هۆی دروست كردنی هه‌ستی لێپرسراوه‌تی لایه‌ی.

## خراپییه‌كانی دام و ده‌زگا كراوه‌كان:

١- له‌ به‌هاو نرخی سزا كه‌مده‌كاته‌وه‌.

٢- جگە لەمەش تێکەڵاو بوونی تاوانباران بەکەسانی دیکە لە کۆمەڵگا کاریگەری خراپی لێدەکەوێتەوە.

٣- بەندکراو تووشی هاندان دەکات بۆ ڕاکردن.

پێویستە پەیڕەوی چەند مەرجێك بکرێت بۆ ئەوەی ئەم جۆرە دام و دەزگایانە سەرکەوتوو بێت ئەمانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- باشتر وایە ئەم جۆرە دامودەزگایانە لە ناوچە دێهاتەکان بێت، بەتایبەتی لە شوێنی کشتوکاڵی و پیشەسازی لە دەرەوەی شار دروست بکرێت.

٢- دەبێ بە ووردی کەسانی سەرپەرشتیار و کارگێران و بەندکراوان هەڵبژێردرێن.

٣- ئەمە جگەلەوەی ئەبێ ژمارەی بەندکراوان کەم بێت بەپێی توانا.

چەند پێوەورێك پێشکەشکراوە لە لایەن زانایانی زانستی سزا و یاسای تاوانکاری سەبارەت بەدانانی بەندکراو لەم جۆرە دامودەزگایانە، بەلام ئەو پێوەرەی کەپەسند دەکرێت پیوەری کەسیە، پێوەری کەسی واتە دراسە و لێکۆڵینەوە و تێبینی کردنی کەسایەتی بڕیار لەسەر دراو بکرێت، بەجۆرێك ئەگەر بینرا جێگای متمانە پێ کردنە ئەوا دەخرێتە دامودەزگا سزاییە کراوەکان، لەگەل ڕەچاوکردنی ماوەی سزاکەی (درێژە یان کورتە)، واتە دانانی بەندکراو لە هەر جۆرە دامودەزگایەکی چاکسازی جا داخراو بێت یان کراوە یان نیمچە کراوە، ئەوا بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە و پشکنینانە دەبێت کە بۆ بەندکراو ئەنجام دەدرێت، پێش ئەوەی بخرێتە بەندیخانەوە.

شایەنی باسە ئەم جۆرە بەندیخانانە لە کۆتایی سەدەی ١٩ دەرکەوتن بۆیەکەم جار لەسویسرا لەساڵی ١٨٩١ دروستکراوە، دوایی ئەوەی لە ولاتانی دیکە وەك ئینگلتەرا و ئەلمانیا بنیاتنراوە ، لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بەزۆری بلاوبۆتەوە، ئەمەش لەبەر زۆری ژمارەی بەندکراوانی ئەم جەنگە وای کرد کە لەبەندیخانەکان جێگایان نەبێتەوە، بۆیە خرانە سەربازگەکان وەکو بەندیخانە لە ئاکامدا ئەمە سەرکەوتنی بەدەست هێنا و وایکرد لەزۆر ولاتاندا دابمەزرێت و بلاوببێتەوە.

هەروەها ئەم جۆرە دامودەزگایانە راسپێردراون لەلایەن کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان لەمانە (کۆنگرەی تاوانی و سزایی کە لە لاهای بەستراوە لەساڵی ١٩٥٠ و کۆنگرەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی تاوان و مامەڵەکردن لەگەل تاوانباران کە لە جنێڤ بەستراوە لەساڵی ١٩٥٥ و زنجیرە لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ نەهێشتنی تاوان و مامەڵەکردنی تاوانباران کە لە قاهیرە سازدرا لە ساڵی ١٩٥٣.

- پێناسەی (کۆنگرەی نێودەوڵەتی تاوانی و سزایی لە لاهایی) بۆ دامودەزگا سزاییە کراوەکان: بریتییە لەو دامودەزگا سزاییانەی کە دەور نەدراون بە بەربەستی مادی دژی هەلاتن و ڕاکردن وەك دیوار و شیش و پاسەوانی زۆر، بیرۆکەی ئەم جۆرە دامودەزگایانە هەڵقولاوە لەسەر ڕێزگرتنی سیستەم لەخودی بەندکراوان،

چونکە سیستەمەکە بەرەزامەندی خۆیانە، ئەویش وەك رێزلێنانێك و متمانەی پێیان دراوە بێ ئەوەی پێویست بە چاودێری بکات، پابەند دەبێت بەرێساکانی ناو بەندیخانە.

## سێیەم: دامودەزگا سزاییە نیمچە کراوەکان:

ئەم جۆرە دامو دەزگایانە لەرووی تایبەتمەندیەوە مام ناوەندن لە نێوان دامو دەزگا داخراوەکان و کراوەکانن، چونکە بەربەستی ماددی و پلەی پاسەوانی تێدا کەمترە وەك لە دامودەزگا سزاییە داخراوەکاندا هەیە، کەواتە تۆزێ ئازادی پێدەدرێت، بەلام زیاترە بەبەراورد بەبەندیخانە کراوەکان.

ئەم جۆرە بەندیخانەیە دووشێوەی هەیە، یەکێکیان بەقۆناغێك دادەنرێت لە قۆناغەکانی سیستەمی پلەداری لەنێوان نێوەندی داخراو و کراوەدا، بەر لەئازادکردنی مەرجدار کاتێك دەردەکەوێت کەوا بەندکراو هەڵسوکەوتی لەنێو بەندیخانە شایەنی متمانە پێکردنە، دەتوانێ سود وەربگرێت لە چاکییەکانی ئەم جۆرە دامودەزگایە، بەلاَم شێوەی دووەمی وەك سیستەمێك یان جۆرێکی سەربەخۆ پەیرەو و پراکتیزە دەکرێت، سەبارەت بەهەندێك بەندکراوانی تایبەت، بەتایبەتی ئەوانەی ماوەی سزاکەیان مام ناوەندە، ئەمەش دوایی ئەنجامدانی پشکنینی تایبەت بەبارودۆخی کەسی بەندکراو و شیاو بۆ ئەم جۆرە بەندیخانانە.

ئەو سیستەمەی کەتیایدا پەیرەو دەکرێت زۆر جار سیستەمی پلەدارە بەجۆرێك لەسەرەتادا توندوتیژە، بەلاَم بەرە بەرە توندوتیژییەکەی کەمتر دەبێت تاوای لێ دێت شیاو بێت بۆسەپاندنی سیستەمێك بەسەریاندا کە نزیك بێت لەو سیستەمەی لەدامودەزگای کراوە پەیرەو دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی گشتی لەم جۆرە دامودەزگا سزاییانەدا رێگە دەدرێت بە بەندکراو بچێتە دەرەوەی دامودەزگاکە کە بێ ئەوەی چاودێری بەردەوام بکرێت، جا بۆ ئەنجامدانی ئیش و کار بەهەمان مەرجی ئیشی کە کەسانی ئاسایی (ئازاد) ئەنجامی دەدات، یان بۆ فێربوون و خوێندن لەیەکێ لە دامودەزگا زانستییەکان یان بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی بە مەرجێ دەبێ لەکۆتایی ماوەی ئیش کردنەکە یان فێربوون ...هتد بگەرێتەوە بۆ بەندیخانە.

ئەم جۆرە دام و دەزگایانە بەزۆری بلاَووبونەتەوە لە ئەمریکا و فەرەنسا و سویسرا و ئیتالیا و میسر و سوید و لبنان...هتد، بە زۆری لە لادێکان و شوێنە کشتوکاڵییەکان دروست دەکرێت.

## باشییەکانی یان چاکییەکانی دامودەزگا نیمچەکراوەکان:

١- تێچونی کەمە .

٢- رێگە خۆشکەرە بۆ رێکخستنی ئیش و کاردا.

٣- هاوسەنگی دەروونی و جەستەیی بەندکراو سەقامگیر دەکات، چونکە لەنێوەندێکی نزیك بە نێوەندی ژیانی ئاسایی دەژیی کە ئەمەش یارمەتی چاکسازی و راهێنانەوەی دەدات.

## خراپییەکانی دامودەزگا نیمچە کراوەکان:

١- لە خراپییەکانی ئەوەیە کە بەزەحمەت خاوەن کارەکان بەندکراوان لای خۆیان دادەمەزرێنن بۆ کارکردن.

٢- پراكتيزەكردنی دەبێتە هۆی نايەكسانی، چونكە ئەو بەندكراوانەی بێ هێزو نەخۆشن يان نەخوێندەوارن سودی لە سيستەمی چوونەدەرەوە لە بەنديخانە وەرناگرن.

٣- دروستبوونی پەيوەندی لەنێوان بەنكراو و كەسانی دەرەوە لەوانەيە زەرەر و زيانی لێ بكەوێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت خراپييەكانی كەم بكرێتەوە، ئەمەش لەڕێگەی دروستكردنی پەيوەندی لێپرسراوانی بەنديخانە يان لايەنی تايبەتمەند لەگەڵ خاوەن كارەكان لەلايەك،و ڕێگەگرتن لە بەندكراو لە پەيوەندی بە هەندێ كەسانەوە ئەگەر ئەم پەيوەنديە مەترسی هەبێ.

**پرسيار/ بيرۆكەی دروست بوون يان هاتنەكايەی دامەزراوە نيمچە كراوەكان؟**

وەڵام/ چونكە ئێمە كۆمەڵ و گرووپمان هەيە لە تاوانباران پێويستيان بە مامەڵەی بەنديخانەی داخراو نييە، لەهەمان كاتدا شياو نييە بۆ ئەوەی لە دامودەزگا سزاييە كراوەكان دابنرێن، بۆيە ئەمە وايكرد بەنديخانەی نيمچەكراوە بێتەكايەوە.

## باسی چوارەم: قوتابخانەكانی زانستی سزادان:-

### يەكەم: قوتابخانەی ڕۆتينی كۆن:

**بنەماكانی قوتابخانەی ڕۆتينی كە (بيكارێ) دايڕشتووە وای بۆ دەچێت ڕێبازی چێژی دەروونی بنەمايەكە بۆ ڕەفتاری تاكەكەس.**

**(بيكارێ) پێيوايە ڕەفتارە نەشياو و نالەبارەكانی مرۆڤ دەبێت بەسزادان و ئێش و ئازار وەڵام بدرێتەوە و، بڕی ئازارەكەش بەشێوەيەكی ڕوون و ئاشكرا دياری بكرێت تاكو تاوانبارەكە بەتەواوەتی لەبەرچاويدا بێت و، زياتر بێت لەو لەزەتەی كە لە كردەوە تاوانبارييەكەی دەستی دەكەوێت، تاكو تاوانی تازەتر نەكاتەوە و تەمبێ بێت، ئەمەش كاتێک بەدی دێت كە ئازاری سزادانەكە گەورەتر بێت لەو چێژی كە تاوانبار لە تاوانەكەيەوە پێی بڕاوە، هەروەها دەڵێت ئامانجی سزادانيش پێويستە لە بەرژەوەندی كۆمەڵگا بێت، پێويستە سزا بەتاوانەوە ببەسترێتەوە نەک بەتاوانبارەوە.**

**(بيكارێ) جەخت لەسەر بيرۆكەی ئازادی ئيرادە و لێپرسراوێتی ئاكاری تاوانبار دەكاتەوە، چونكە پێيوايە تاوانبار دڕندە و مرۆڤی نەخۆش نيە، بەڵكو مرۆڤێكە بە هۆشياری خۆيەوە سەرپێچی كردووە لە پەيمانی كۆمەلايەتی، مرۆڤێكی ساغ و دروستە و بە خراپی ئازادی خۆی بەكارهێناوە، بۆيە بەرپرسە لە كردەوەكانی، بەڵام ئەگەر تاكەكەس ئيرادەی لە دەست دابێ و توانای جياكردنەوەی نەبێت لەم حاڵەتەدا لێپرسراوێتيش لەدەست دەدات و هيچ سزايەک بۆ شێت و بچوک و كاڵفام نييە.**

**(بيكارێ) بانگەشەی جياكردنەوەی دەسەڵاتەكان دەكات، واتا جياكردنەوەی دەسەڵاتی جێبەجێكردن لە دەسەڵاتی ياسادانان و دەسەلاتی قەزائی، چونكە ئەگەر هەرسێ دەسەڵاتەكە لە دەستی يەک كەسدا بێت ئەوا ڕەنگە ستەم و زۆرداری لێدەكەوێتەوە، بەڵام ئەگەر جيابكرێنەوە ئەوا هاوسەنگی لە نێوان ئەركی**

هەرسێکیاندا بەرقەرار دەبێ و هەر یەکێکیان دەبێتە چاودێر بەسەر ئەوی تریانەوە، ئەمەش گەورەترین گرێنتییە بۆ پاراستنی ماف و ئازادی تاکەکەسان.

**دووەم : قوتابخانەی ڕۆتینی نوێ:**

دوابەدوای ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی قوتابخانەی ڕۆتینی کۆن کران، هەندێک لەپسپۆڕانی تایبەتمەند هەوڵیانداوە چارەسەری ئەو ڕەخنانە بکەن. ئەگەر لەپێشدا سزا لەسەر بنەمای تاوان بوو، ئەوا یەکەمین چاکسازی کە بانگەشەی بۆکرا بریتیبوو لەوەی سزا دەبێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر بگۆڕێت و، لەحاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکیتر گۆڕانی بەسەردا بێت. بەم جۆرە ئامانجی سزا لە ڕوانگەی ئەم قوتابخانە نوێیەوە لەجیاتی یەک ئامانج بوو بە دوو ئامانج و بریتییبوون لە هێنانەدی دادپەروەری و، پارێزگاری کردن لەسیستمی کۆمەلایەتی.

کەواتە بناغەی سزا بریتیبوو لە هێنانەدی چاودێری و پاراستنی یاسایی(قانونی) مافەکان لە کۆمەلگەدا، واتە گێڕانەوەی ئەو سیستەمەی کە بەهۆی تاوانەکەوە شێوێنراوە. بۆیە دەبێت ئەو ئازارەی کە تاوانبار بەهۆی سزاکەیەوە وەریدەگرێت گونجاو و هاوشانی ڕادەی لێپرسراوێتی تاوانبارەکە بێت لەوتاوانەدا کە کردوویەتی، بەم جۆرە ئەم قوتابخانەیە گەیشتە ئەو بڕیارەی کە سزادان دەبێت نەرم و نیانی لەخۆ گرتبێ و لەنێوان هەردوو جەمسەرەکەدا بێت (ئیرادەی تەواو و بێ ئیرادەی).

**کاریگەری قوتابخانەی ڕۆتینی نوێ لەسەر یاسا و تەشریعەکانی تاوان:**

ئەوەی ئەم قوتابخانەیە، دۆزییەوە و ڕوونی کردەوە، پشت بەستن بەوەی کە تاوانبار لە بارودۆخێکی تایبەتیدا بووە کە تاوانەکەی لەسایەیدا ئەنجام داوە، بۆیە بانگەشەی ئەوەیان کرد کە چاوێک بخشێنرێتەوە بەسەر مانای دادپەروەریدا لە سزاداندا. پێیانوابوو کە دادپەروەری بەو شیوەیە دێتە دی کە یەکسانی لە سزادا هەبێت بە مەرجێک بارودۆخەکان یەکسان بن، لێرەوە ئیتر سزا بۆ تاوانەکان یەک سزا نەبوو، بەڵکو لەنێوان کەمترین ڕادە و بەرزترین ڕادەدا بوو، ئەمە جگە لەوەی کە بارودۆخەکانی هەر تاوانێک بەجیا ڕەچاو دەکرا و، دادوەریش دەسەلاتێکی نەرمی هەبوو کە دەیتوانی بەپێی باری هەر تاوانێک سزاکەی بگۆڕێت، سوکی بکات یان سزاکە قورس بکات.

**سێیەم: قوتابخانەی واقیعی:**

قوتابخانەی واقیعی دەنگدانەوەی ئەو ڕەوتە زانستییە بوو کە لەسەدەی نۆزدەهەمدا باڵی بەسەر تیۆری یاسادا کێشابوو، بەلای لایەنگرانی ئەم ڕێبازەوە بناغەی سزادان هەمە جۆرە و دەگۆڕێت، هەر بەتەنها تۆڵەکردنەوەی تاکێتی تایبەتی یان گشتی نییە یاخود بەناوی بەرژەوەندی و دادپەروەریەوەی و دروستکردنی ڕێگر و لەمپەر نییە، بەڵکو بەتەنها بریتییە لە: بەرگریکردن لەکۆمەڵگا. هەر ڕەفتارێک مەترسیدار بێت

دەشێت لە داهاتوودا تاوان بەرهەم بهێنێت پێویستە ڕێی لێبگیرێت. بۆیە جەخت لەسەر ڕێوشوێنی خۆپاراستن دەکەنەوە و، دەبێت هەوڵەکان بەو ئاقارەدا بڕۆن و بەرەنگاری ئەو فاکتەرانە ببنەوە کە ڕێخۆشکەرن بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی تاوان. کەواتە دەبێت قەلاچۆی ئەو هۆکارانە بکرێن کە هەوێنن بۆ دروستکردنی تاوان وەک حاڵەتەکانی: بێکاری، هەژاری، نائومێدی، نەزانی، نەخوێندەواری و پەروەردەی خراپ و لێکترازانی خێزان و تێکەڵاوی لەگەڵ هاوڕێ خراپ و بەدڕەفتارەکاندا، ئەمانە و جگە لە فاکتەرە سروشتی و جوگرافییەکان کە هەموویان بەیەکەوە تاوان دروست دەکەن. ئینجا ئەگەر ئەو فاکتەرانە یەکیان گرت و ڕەوشەکەش لەباربوو ئەوا کەسەکە ناچار دەکەن مل بەرەو تاوان بنێت، ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت کە تاکەکەس لێپرسراوی تاوانەکەی نییە چونکە ناچارە بە کردنی تاوان و هەردەبێت بیکات و وەک ئامێر وایە بەدەست بارودۆخی و ڕەوشەکەیەوە.

ڕێوشوێنی خۆپاراستن لە تاوان بریتییە لە ڕووبەڕووبونەوەی مرۆڤە مەترسیدارەکە بەرلەوەی تاوانێک ئەنجام بدات، یان لەپاش ڕوودانی تاوان بە ڕێوشوێنی ئاسایش بۆ لە ڕیشە هەڵکێشانی یەکجارەکی فاکتەرەکانی وەک لەسێدارەدان یان دابڕین و بەندکردنی هەتاهەتایی، یان چارەسەرکردن لە نەخۆشی عەقڵی و دەروونی، یان کۆمەڵایەتیین ئەویش بەزۆر نیشتەجێکردن یان ناچارکردن بەئیش کردن دەگرێتەوە.

**کاریگەری ئەم ڕێبازە لەبواری یاساکانی سزادا:**

بەهۆی هزر و بیروبۆچوونەکانی ئەم ڕێبازەوە گۆڕانکاری گەورە لە زۆربەی یاساکانی سزاداندا لە گەلێک وڵاتانی وەک بەلجیکا، ئەڵمانیا، نەمسا، بەریتانیا، ئیتالیا هاتنە ئاراوە، ئەویش بەگرتنەبەری ڕێگای توێژینەوە لە دیاردەی تاوان بەشێوەیەکی زانستی و ئەزموونگەری و پشکنینی جەستەیی و دەروونی و عەقڵی پێش دادگاییکردن. ڕێوشوێنی نوێ لە سزاداندا گیرانەبەر وەک لێبوردن و، هەڵپەساردنی سزا و، ئازادکردنی مەرجدار و، سپاردن بەشوێنی تایبەت بۆماوەیەکی دیاری نەکراو.

**٤- تیۆری گراماتیکا (قوتابخانەی داکۆکی کۆمەڵایەتی):**

بزووتنەوەی داکۆکی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ (فیلیپۆ گراماتیکا)، میتۆدی ئەم بزووتنەوەیە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی یاساى سزاکان و دانانی یاسایەکیتر لەجێگای ئەویش یاسای داکۆکیکردنی کۆمەڵایەتی. (گراماتیکا لەساڵی ١٩٤٧)دا تیۆرەکەی لەکتێبی (بنەماکانی داکۆکی کۆمەڵایەتی)دا بڵاوکردۆتەوە. ئەم پسپۆرە بە تەواوی یاساکانی سزا و هزر و بیرەکانی پشت یاساکانی تاوانبارکردن هەڵدەوەشێنێتەوە و، باوەڕی نییە بە چەمکەکانی تاوان و تاوانبار و لێپرسراوێتی تاوان و سزای تاوان، بەو شێوەیەی کە مانای بۆ دانراوە و ڕێککەوتنی لەسەر کراوە. بەڵکو باوەڕی بە بازنەیەکی فراوانتر هەیە کە لەوانە زۆر فراوانترە و دەڵێت:

- کردەوەی دژ بەکۆمەڵگا یان ڕەفتاری ناکۆمەڵایەتی لەجیاتی تاوان.
- لەجیاتی تاوانبار دەڵێت مرۆڤی خاوەن ڕەفتاری ناکۆمەڵایەتی.

- لەجیاتی لێپرسراوێتی تاوان قسە لەسەر چاککردن دەکات بەشێوەیەک کە سەرلەنوێ مرۆڤەکە ڕابهێنرێتەوە و دووبارە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ کۆمەڵگادا خۆی بگونجێنێتەوە.
- لەجیاتی سزا دەڵێت: سەرلەنوێ ڕاهاتنەوەی تاکەکەسی دژ بە کۆمەڵگا، ئەمەش بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی پێویست بەپشت بەستن بەتوێژینەوەی زانستی ئەزموونگەری بەربڵاو و گشتگیر. بەیەکێ لەم ڕێگایانە:-
  - ❖ نەخۆش دەبێت لەڕووی دەروونی و پزیشکییەوە چارەسەری بۆ بکرێت.
  - ❖ نەزان دەبێت ڕۆشنبیر بکرێت و فێری خوێندەواری بکرێت.
  - ❖ بێکار دەبێت فێری کارکردن بکرێ و کاری بۆ بدۆزرێتەوە.
  - ❖ نائاسایی و ڕێزپەڕ(شاذ) دەبێت هەڵبسەنگێنرێت و ڕاست بکرێتەوە.
  - ❖ گەندەڵ و بەد دەبێت دابڕاو و گۆشەگیر بکرێن.

ئەم ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتییانە کە ئامانجیان چاککردنە پێویست ناکات بەماددەکەی یاساییەوە سنوردار بکرێن، بەڵکو دەشێت لەپێش یان لەپاش ڕوودانی کردەوە تاوانبارییەکەدا بگیرێنە بەر.

ئەم ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتییانە پەیوەندییان بەسزاوە نیە، بەڵکو دەبێت لە هەموو شوێن و جێگایەکدا جگە لە بەندیخانە پراکتیزە بکرێن و دەکرێت وەک نەخۆشی هەژمار بکرێن، وەک چۆن نەخۆشی عەقل یان گەدە چارەسەری خۆی بۆ دەکرێت، ئەم حاڵەتانەش نەخۆشین و بە نەخۆشی کۆمەڵایەتی دادەنرێن و بریتیین لە نەگونجاندنی کۆمەڵایەتی، بەم پێیە چاککردنی کۆمەڵایەتی تەنها بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی سزایی دەستەبەر ناکرێت، بەڵکو پێویستی بە سیاسەتی کۆمەڵایەتی گشتگیر هەیە کە سیستەمی خێزان و ئابوری و ڕۆشنبیری و چاودێری تەندروستی دەگرێتەوە.

## بەشی چوارەم

### باسی یەکەم: سیستەمە سزاییە جیگرەوەکان

- **ڕاگرتنی جێ بەجێ کردنی سزا:**

**ڕاگرتنی جێ بەجێ کردنی سزا** : بریتیە لە هەڵپەساردنی جێبەجێکردنی سزای زەوتکردنی ئازادی لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا کە یاسا خۆی دەستنیشانی دەکات.

**ئامانجی ئەم سیستەمە:** بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە جێ بەجێ کردنی سزای زەوتکردنی ئازادی ماوە کورت لە سەر تاوانباران بۆ دوورکەوتنەوە لە زیانەکانی، لەبەرئەوەی جێ بەجێ کردنی ئەم جۆرە سزایە بەندکراو بۆ ماوەیەکی کورت لە بەندیخانە دەهێڵێتەوە، ئەو ماوە کورتەش بەس نیە بۆ چاکسازی تاونبار، بەڵکو زۆرجار دەبێتەهۆی تێکدانی ڕەفتاری بەهۆی تێکەڵبوونی لەگەڵ تاوانبارانی تر.

ئەم سیستەمە نابێتە هۆی زەوتکردنی ئازادی بەڵکو کۆت و بەندی ئازادی تاونبار دەکات و جۆری سزاکەشی لەهەمانکاتدا دیاری دەکات بۆ بەدیهێنانی بەرپەرچدانەوەی تایبەتی و گشتی.

**بە گشتی کارکردن بە سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی کە ئەمانەن:**

**١- دووربوون لە کێشەکانی سزای بەندکردنی ماوەی کورت: زانایانی یاسای تاوانی کۆکن لەسەر ئەوەی کە سزای ماوە کورت ناتوانن چاکسازی بهێننەدی، چونکە لەو ماوەیە ناتوانرێت بە شێوەیەکی تەواو شارەزای کەسایەتی بەندکراو بێت و، بەوپێیە ناتوانرێت ئامرازی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لە تاوانبار دیاری بکرێت. سەرەڕای ئەوەی کە (بریار لەسەر دراو)ەکە بەهۆی بەندکردنی ڕێزی کەسانیتر لە دەست دەدات، هەروەها کارەکەشی لە دەست دەدات، لە ئەنجامدا ئەوە دەبێتەهۆی ڕوخاندنی لایەنی ماددی و مەعنەوی خۆیی و خانەوادەکەی.**

**٢- چاکسازی بریار لەسەر دراو دوور لە بەندیخانە: سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزا هەرچەندە بەندکردنی تێدا نییە، بەڵام تاکو ئاستێکی زۆر مامەڵەکردنێکی سزاییە، بەجۆرێک کە (بریار لەسەر دراو)ەکە هەست بە ئازار دەکات لە بریاری سزادان هەرچەندە جێبەجێ نەکرێت، بەڵام بەهۆیەوە هەست بە تاوانباری خۆی دەکات، لەگەڵ ئەوەش هەڕەشەلێکردنی بە جێبەجێکردنی سزا ئەگەر لەو ماوەیەی کە یاسا دیاریکردووە تاوانێکی ئەنجامدا، بەمەش پێویستە لەسەر بریار لەسەردراو بەو شێوەیە ڕەفتار بکات کە لەگەڵ سیستەمی خوڕەوشتی کۆمەڵگە بگونجێت، بۆیە ئەم سیستەمە شێوازێکی مامەلەی ترساندنێکی تایبەتی تێدایە، کە**

**بریتییە لە دروستکردنی ویستی شیاندن (تأهیل)، لە ڕێگەی دیاریکردنی سزا و لەهەمانکات ڕاگرتنی جێبەجێکردنی، دواتر هەڕەشەکردن بە جێبەجێکردنی حوکمەکە.**

**٣- دوورخستنەوەی تاوانبارانی سەرەتایی لە تێکەڵبوونی لەگەڵ تاوانبارانی بە ئەزموون: سیستەمی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزا بەشداری دەکات لە چارەسەرکردنی مەترسیەکانی تێکەڵبوونی تاوانباری سەرەتایی و نامەترسیدارەکان (تاوانبارانی بەرێکەوت یان سۆزدار) لەگەڵ ئەو تاوانبارانەی کە مەترسیدارن ئەزموونیان لە تاوانکردن هەیە. لەگەڵ ئەوەش هەوڵ دەدرێت لە ڕێگەی سیستەمی پۆلینکردن و جیاکردنەوەی تاوانباران، شوێنەوارە خراپەکانی تێکەڵبوون نەهێڵدرێت.**

**٤- سوودی لەڕووی ئابوورییەوە: یەکێک لە گرنگی و سوودەکانی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزا بریتییە لە سوودی ئابووری، چونکە کاتێک کەسێک تاوانێکی سووک ئەنجام دەدات و سزای بەندکردن و زیندانیکردنی بەسەردا دەچەسپێ، ئەوا پێویستی بە ڕاگرتن و بەخێوکردن و دابینکردنی شوێن و مەرجەکانی تەندروستی و چاکسازی....هتد دەبێت، بەڵام ئەگەر جێبەجێکردنی ڕاگیرا، ئەوا بارگرانی ئابووری لەسەر دەوڵەت سووک دەکات و لە هەمانکاتدا سوود بە خودی کەسی تاوانکاریش دەگەیەنێت.**

- **مەرجەکانی ڕاگرتنی جێ بەجێ کردنی سزا :**

١- پەیوەست بە تاوان: ئەو تاوانەی بەندکراوی پێ حوکم دراوە دەبێت تاوان یان کەتن (جنایە او جنحە) بێت.

٢- پەیوەست بە سزا: ئەم سیتەمە جێ بەجی دەبێت بەسەر تاوانبارانی سزادراو بەسزایی زەوتکردنی ئازادی، کە ماوەکەی لە ساڵێك زیاتر نەبێت، هەروەها لەکاتی بوونی سزای پێ بژاردن، دەکرێت دادوەر فەرمان بە ڕاگرتنی سزای بەندکردن و پێ بژاردنیش پێکەوە بکات یان یەکێکیان بەتەنها.

٣- پەیوەست بە تاوانبار: دادگا فەرمان دەردەکات بە ڕاگرتنی جێ بەجێ کردنی سزا پاش ئەوەی تەماشای ڕەوشی ژیان و ڕابردوو و ڕەوشتی تاوانبار دەکات، لەگەڵ دراسەکردنی بارودۆخی ئەنجامدانی تاوان، ئەگەر دادوەر گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ناگەڕێتەوە بۆ تاوان ئەوکات فەرمانی ڕاگرتن دەردەکات. هەروەها پێویستە پێشتر حوکم نەدرابێت بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێك کە بەشێوەی مەبەستدار ئەنجامی دابێت.

- **مەرجەکانی پاش ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزا :**

١- بڕیارلەسەردراو بەڵێن بدات ڕفتاری باش بێت و پابەندی مەرجەکان ئەم سیستەمە بێت بەدرێژایی ماوەی ڕاگرتنەکە.

٢- ماوەی ڕاگرتنی جێ بەجێ کردنی سزا (3) ساڵە، لە ڕێکەوتی دەرچوونی بڕیاری دادگا دەست پێدەکات.

٣- کەفالە (جا چ کەفالەی کەسی یاخود ماددی بێت).

ئەگـەر مـاوەی تاقیکردنــەوە بەسەرچـوو بـەبێ ئـەوەی بریـاری هەڵوەشـانەوەی سیسـتەمی ڕاگـرتنی جێبەجێکردنی سزا لە دادگا دەربچێت تاوانباریش پابەنـدی گشت مەرجـەکان بێت، ئـەوە حوکمەکە بـەوە دادەنرێت کە هەر نەبووبێت.

- **هەڵوەشانەوەی ڕاگرتنی جێ بەجێ کردنی سزا :**

١- ئەگەر لەماوەی تاقیکردنەوە، کە (3) ساڵە، تاوانبار تاوانێکی مەبەستداری ئەنجام دا کە ماوەی سـزایەکە لـە (3) مانگ زیاتر بێت، جا تاوانەکەی تاوان یان کەتن (جنایە او جنحە) بێت.

٢- ئەگەر تاوانبار هەڵنەستێ بە باشکردنی ڕەوشتی و پابەند نەبێت بە مەرجەکانی ئەم سیستەمە.

٣- ئەگەر دەرکەوت کە تاوانبار لەمەو پێش بڕیارێکی لە دژ دەرچووە بەهۆی تـاوانی تـاوان یـان کـەتن (جنایـە یان جنحە)وە دادگا پێی نەزانیوە لە کاتی بڕیاردانی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزا.

تێبینی: **ئەو مەرجانە لە ( یاسا سزایەکانی العراق-بۆساڵی ١٩٦٩-ماددەکانی( ١٤٤، ١٤٥، ١٤٦ ) وەرگیراوە**

- **تـاقیکردنەوەی دادگایی :**

مەبەست لە تاقیکردنەوەی دادگایی، سنوردارکردنی ئازادی تۆمەتبارە پێش و پـاش دەرچـوونی حـوکمی ئیدانەکردن، لەبری زەوتکردنی ئازادی وەکو ڕێگایەك بۆ چاکسازی.

لەم پێناسـەیە ئـەوە ڕوون دەبێتـەوە کـە تاقیکردنـەوەی دادگایی ئامـانجی دوورکەوتنەوەیـە لـە چـوونی تۆمـەتبارە بـۆ نێـو بەندیخانـە لەگـەڵ دووبـارە ڕاهێنانـەوەی لـە ڕێگـای یارمـەتی ئیجابی، هـەروەها سـەپاندنی چاودێری دادگایی بەسەریدا تا بتوانرێ ئەوە تاقی بکرێتەوە کە تا چەند تۆمەتبار شـیاوە بـۆ سـود وەگـرتن لـەم سیستەمە. ئەگەر ئەوە چەسپا کە جێ بەجێ کردنی ئەم سیستەمە سـەرکوتوو بـووە، ئـەوا لـە دەستنیشانکردنی سـزا و جێبـەجێکردنی دووردەکەوێتـەوە، ئەگـەر سـەرکەوتوو نـەبوو ئـەوا سـزایی زەوتکردنـی ئـازادی بـۆ دیـاری دەکرێت بۆ دووبارە ڕاهێنانەوە و چاکسازیکردنی.

ئـەم سیسـتەمە لەناوەڕاسـتی سـەدەی (١٩) لـە ئـەنجامی ئەزموونـەوە سـەری هەڵـداو بەسیسـتەمی ئەنگلوسەکسۆنی ناسراوە. ئەمڕۆ لەزۆربەی وڵاتانی دنیادا کاری پێدەکرێت، وەك چارەسەرێکی گونجاو و شیاو بۆ ڕاهێنانەوەی تۆمەتبار بێئەوەی پێوستی بەوە بکات لە خێزان و کۆمەڵگا دوور بخرێتەوە.

**تۆمەتبار لە تاقیکردنەوەی دادگایی بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت:**

قۆناغی یەکەم: دادوەر لە بەڵگەنامەکانی داواکە و بارودۆخی تۆمەتبار دەکۆڵێتەوە و ئامادەیە بۆ ئیدانە، بەڵام حوکمی نادات و ڕێڕەوی داواکە ڕادەگرێت و ماوەیەك دیاری دەکات و تۆمەتبار ملکەچی تاقیکردنەوە دەکات، کۆمەڵێك ئیلتزاماتی دەخاتە سەر و ملکەچی سەرپەرشتیار و چاودێری دەکات (ئەم سەرپەرشتیەش کارمەندێك پێی هەڵدەستێت پێی دەووترێت ئەفسەری تاقیکردنەوە)، ئەگەر ئەو ماوەیە پەیوەست بوو بە ئیلتزاماتەکانەوە ئەوا حوکم دژی دەرناکات، بەڵام ئەگەر پەیوەست نەبوو بە ئیلتزاماتەکانەوە ئەوا حوکم دەدرێت بە سزای زەوتکردنی ئازادی، بەم شێوەیە ئەم قۆناغە تۆمەتبار ناچاری پەیوەست بوون بە ئیلتزام دەکات تاکو سزا نەدرێت.

قۆناغی دووەم: تۆمەتبار سزای زەوتکردنی ئازادی بۆ دەردەکرێت، ئەگەر لە تاقیکردنەوەی یەکەم سەرکەوتوو نەبوو، پاش دەرچوونی بڕیاری سزا، دادوەر فەرمان بەڕاگرتنی جێبەجێکردی سزای زەوتکردنی ئازادی دەدات  و تاوانبار دەچێتە ژێر ئەو مەرجانەی کە لەو سیستەمەدا هەیە، دووبارە ملکەچی سەرپەرشتی و چاودێری دادگایی دەکرێتەوە، لەو ماوەی کە بۆی دیاری دەکرێت لەلایەن دادگاوە، ئەگەر لە قۆناغی دووەمیش سەرکەوتوو نەبوو ئەو کات سزای زەوتکردنی ئازادی لەسەر جێبەجێ دەکرێت و ئلڕاستەی بەندیخانە دەکرێت.

لێرەوە جیاوازی نێوان ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزا و تاقیکردنەوەی دادگایی دەردەکەوێت کە ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزا دەوەستێتە سەر ئاگادارکردنەوەی بڕیارلەسەردراو و لێی دەگەڕێن خۆی ڕێگای ڕاهێنانەوە بگرێتەبەر. بەڵام لە تاقیکردنەوەی دادگایی چاودێری و سەرپەرشتیار و هاوکاری تێدایە، هەروەها تاقیکردنەوەی دادگایی پێش و پاش ئیدانەیە بەڵام ڕاگرتنی جێبەجێکردن پاش ئیدانەیە.

**مەرجەکانی تاقیکردنەوەی دادگایی:**

١) دەبێت تۆمەتبار شیاو بێت بۆ تاقیکردنەوەی دادگایی، بەمەش پێوستە لێکۆڵینەوە لە سروشتی تاوانی و بارودۆخ و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی بکرێت، تاکو بزانین گونجاوە بۆ چاکسازی و ڕاهێنان بەڕێگای ئەم سیستەمە.

٢) نابێت تاوانەکە لە چوارچێوەی ئەو تاوانانە بێت کە زیان بە ئاسایشی دەوڵەت بگەیەنێ یان تاوانی کوشتن بێت.

٣) نابێت تۆمەتبار پێشتر حوکم درابێت بە سزای زەوتکردنی ئازادی.

٤) پابەندبوون و ڕێزگرتنی تۆمەتبار بە ئیلتزاماتە سەپێندراوەکانی سەری، وەکو نیشتەجێکردن لە شوێنێکی دیاریکراودا و، ئەنجامدانی چارەسەری پزیشکی لەکاتی پێویست و بەردەوام بوون لەسەر خوێندن و ئیشکردن

**و بەدوادا چوون بۆ چونیەتی کات بەسەربردن و ڕێگرتن لەچوون بۆ قومارخانە و مەیخانە و لە تێکەڵابوون بە کەسانی گومانلێکراو.**

**پابەنـدبوون بـە ئیلتزامـەکان یارمـەتی تۆمـەتبار دەدات ڕێگایـەکی شـەرەفمەندانە بگرێتەبـەر بـۆ ژیـان و دووربکەوێتەوە لە هۆکارە تاوانکارییەکان کە ببێتەهۆی گەڕانەوە بۆ تاوان.**

**یاسای فەڕەنسی ماوەی سەرپەرشتی و چاودێریکردنی دادگایی لە نێوان (٣-٥) ساڵ دیاریکردووە.**

## پارۆل Parol

پارۆل لە بناغەدا ووشەیەکی فەرەنسییە و، بەشێوەی خواستن لەجێی ووشەی ئابڕوو (الشرف) بەکاردەهێنرێت. بیرۆکەی پارۆل دەگەڕێتەوە بۆ زانای ئینگلیزی سزادان (الکسندر ماکونۆچی)و بۆیەکەم جار لەسییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بانگەشەی بۆکردووە و، لەساڵی (١٨٤٠) لەدورگەی (نورفۆلک)ی ئوستراليا پیادەی کردووە. وەک یاساش ویلایەتی ماساشوستس یەکەمین یاسای تایبەت بە پارۆلی لەساڵی (١٨٣٧)دا دەرکردووە و پاشان بەشێوەی پلەپلە هەموو ویلایەتەکانیتر هەمان یاسایان دەرکردووەو پیادەیان کردووە. ئەمرۆ لە ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بەشنوەیەکی بەرفراوان جێبەجێ دەکرێت وسەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە و زاناکانی سزادانیش پشتگیری لێ دەکەن.

پێناسەی پارۆل: یان (ئازاد کردن بەگفتی ئابڕوو یان شەرەف) شێوازێکی مامەڵەکردنی سزاییە، لەم شێوازەدا بەندکراو لەدوای تەواوکردنی بەشێک لەسزاکەی کە زەوتکردنی ئازادییە، ئازاد دەکرێت و بەڵێن دەدات لەدوای بەربوونی لەزیندان مل کەچ بێت بۆ سەرپەرشتیکردنی کۆمەلایەتی و پارێزگاری کردنی ڕەفتاری باش وپۆزەتیف و، نابێت سەرپێچی لەو بەڵێننامەیە بکات هەتا ماوەی سزاکەی کۆتایی پێدێت.

ئەم سیستمە پشت بە بیرۆکەیەک دەبەستێت کە بریتییە لە: دەستکردن بەڕاهێنانەوەی بەندکراو لەناو دامەزراوە سزاییەکەدا تا ئەو کاتەی دەردەکەوێت (واتا پاش تەواوکردنی بەشێک لەسزاکەی) پێویست بەوە ناکات کە ماوەی درێژتر لە زیندانا بمێنێتەوە، دەسەڵاتی تایبەتمەند و پەیوەندار بۆیان هەیە ئازادی بکەن، بۆ ئەوەی بەجۆرێکیتر و لەنێو کۆمەڵگادا مامەڵەی سزایی لەگەڵدا بکرێت.

**بەراوردکردنی پارۆل لەگەڵ تاقیکردنەوەدا:**

ئەم دووسیستەمە لەدوو ڕووەوە لەیەک دەچن کەبریتین لە:

١- هەردوکیان یەک شێوازی ڕاهێنانەوەن و پشت بە چاودێری کۆمەلایەتی و مەشق پێکردن لەسەر ژیانی شەرەفمەندانە دەبەستن. لەهەردوو حاڵەتەکەدا سەرپەرشیاران هەمان پسپۆری و ئەرکیان هەیە یاخود زۆر لەیەکترییەوە نزیکن.

٢- لە جەوهەری سزاییدا یەکدەگرنەوە، چونکە لەهەردوکیاندا ئازادی کەسی حوکمدراو کۆت و بەند دەکرێت و ملکەچ دەکرێت بەسەرپەرشی تایبەتی و، پەیمان دەدات وابەستەبێ بەو بڕیارەوە کە دەسەلاتی پەیوەندیدار دەریکردووە بۆی.

**<u>بەڵام سیستەمی پارۆل بەم چەند خاڵەدا لەسیستەمی تاقیکردنەوە جیادەکرێتەوە:</u>**

أ- لە سیستەمی پارۆلدا دەبێت حوکمدراو بەشێک لەسزاکەی لەنێو دامەزراوی سزاییدا جێبەجێبکات، بەلام لە سیستەمی تاقیکردنەوەدا تۆمەتبار ناخرێتە هیچ دەزگایەکی سزادانەوە و، تێکڕای بەرنامەکانی ڕاهێنانەوە لەنێو کۆمەلگادا پراکتیزە دەکا.

ب- ئەو کەس و گروپانەی سیستەمی پارۆلیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت جیاوازن لەوانەی سیستەمی تاقیکردنەوەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، لە **پارۆلدا** دەسەلاتی قەزائی بە پێویستی دەزانێت ئازادی ئەو کەسانە زەوت بکرێت، پاشان ئەوەش دەسەلمێنرێت کە سودیان لەو مامەڵەیەی نێو زیندان وەرگرتووە، دواتر ئەو زەرورەتە نامێنێت کە لە زینداندا بمێننەوە، بۆیە وا بەباش دەزانرێت ئازاد بکرێت و لەنێو کۆمەڵدا چاودێری ڕاهێنانەوەیان بکرێن. **بەڵام سیستەمی تاقیکردنەوە** بەسەر ئەو کەسانەدا پراکتیزە دەکرێت کە دەسەلاتی قەزائی پێی باشە ئازادییان لێ زەوت نەکرێت و هەر لەسەرەتاوە لەنێو کۆمەلگادا دەست بەڕاهێنانەوەیان بکرێت.

ج- کاردانەوەیی سزایی بۆ تاوان لە پارۆلدا زاڵە بەسەر کاردانەوەی چاککردن و چاکسازیدا، بەڵام لەتاقیکردنەوەدا کاردانەوەی چاککردن و چارەسەری تاوان زاڵە بەسەر کاردانەوەی سزاییدا (واتە پارۆل زیاتر سزایە بەڵام تاقیکردنەوە زیاتر چاککردنە).

د- پارۆل سیستەمێکی کارگێڕییە، واتا لە دەسەڵاتی ئەو کارگێڕییەدا کە سیستەمەکە جێبەجێدەکات، بەڵام تاقیکردنەوە سیستەمێکی قەزائییە و تایبەتە بە دەسەلاتی قەزائییەوە، بۆیە ناونراوە تاقیکردنەوەی قەزائی.

**شوێنەوارەکانی پارۆل:**

ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی ملکەچی سیستەمی پارۆلە، سەرپێچیکرد لەو مەرجانەی بەسەریدا سەپێنراوە، ئەوا سەر لەنوێ دەگەڕێنرێتەوە بۆ زیندان، ئەمەش لەکاتێکدا دەکرێت کە سەرپەرشتیارە کۆمەلایەتییەکەی ئاگاداری دەستەی پارۆل بکاتەوە لەو سەرپێچییەی کە حوکمدراو کردوویەتی، ئەوکاتە فەرمانی گرتن وگێڕانەوەی بۆزیندان دەردەکریت ئەم بڕیارەش دوا بڕیارە و هەڵناوەشێتەوە.

ڕەنگە کەسەکە بخرێتەوە زیندان بەبێ ئەوەی سەرپێچی مەرجەکانی پارۆلیشی کردبێت، ئەمەش لەم حاڵەتانەدا: ئەگەر حوکمدراوەکە خۆی حەز بکات بگەڕێتەوە نێو زیندان بەو بیانووەی کە ناتوانێت ئیشێک بدۆزێتەوە لە دەرەوەی زیندان، یان حەز بکات پرۆگرامی ڕاهێنانەوەی پیشەیی لەنێو زینداندا تەواو بکات، یاخود سەرپەرشتیارە کۆمەلایەتییەکەی بە پێویستی بزانێت بۆ مەشقکردنی زیاتر یان چاودێری پزیشکی جارێکیتر بخرێتەوە زیندان. خۆ ئەگەر حوکمدراوەکە لەماوەی سزادانەکەیدا هیچ جۆرە سەرپێچییەک لە سیستمی پارۆل نەکات ئەوا سزاکەی هەڵدەوەشێتەوە، ئەو ماوەیەش کە حوکمدراو دەبێت ملکەچی سیستەمی پارۆل بێت مەرج نییە لەهەموو وڵاتێکدا تا کۆتایی ماوەی سزادانەکەی درێژە بکێشێت، بۆنموونە لە هەندێ ویلایەتی ئەمەریکادا دەستەی پارۆل مافی دیاریکردنی ئەوماوەیەیان هەیە بەمەرجێک ئەو ماوەیە زیاتر نەبێت لەماوەی ئەو سزایەی کەبەسەریدا سەپێنراوە.

**باسی دووەم: هەڵوێستە خۆ پارێزەکان – خۆچە پارەدان ( التدابير الاحترازيه ).**

لەمەوبەر ئاماژەمان بەوە کرد سزا تاوانییەکان خۆی لە دوو شێوە دەبینێتەوە، سزاکان و خۆچە پارەدان، شێوەی دووەم کاتێك سەری هەڵدا کە تێبینی کرا سزاکان هەندێجار بێ سوودن سەبارەت بە هەندێ تاوانباران، بە تایبەتی تاوانبارە شێتەکان و ئەو تاوانبارانەی ڕاهاتوون لەسەر ماددەی سڕکار و بێهۆشەکان، چونکە کۆمەڵەی یەکەم سزا لە سەریان پراکتیز ناکرێ، لەبەر ئەوەی بۆ بەرپرسیاریەتی تاوانباران دەبێ شیاو بێت لە ڕووی یاساییە، واتە: تەمەنی لە ( ٧ ) حەوت ساڵ زیاتر بێت یان ( التمييز و الارادة )ی هەبێت، بەڵام مرۆڤی شێت هەرچی بکات ( التمييز )ی نی یە، وە سەبارەت بە ڕاهاتووەکان لەسەر ماددە سڕکارەکان ( مدمن المخدرات ) ئەوا سزا نابێتە هۆی بنەبڕکردنی مەترسی تاوانی لەم کۆمەڵەیە بە شێوەیەکی هەمیشەیی، بۆیە پێویستی کرد کە جۆرە سزایەکی دیکە بێتە کایەوە کە شیاو بێت بۆ ئەم بارانە بەم جۆرە هەڵوێستە خۆپارێزەکان دەرکەوتن وەك شێوەیەکی دیکەی سزا تاوانبارەکان.

**پێناسەی خۆچە پارەدان ( التدابير الاحترازية )**

گەلێك پێناسەی خۆچە پارەدان کراوە لە لایەن لێکۆڵەرەوان، بەڵام دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی پێناسەی بکەین بەوەی بریتییە لە ( سزایەکی تاوانی ( جزاء جنائي ) کە پێك دێت لە کۆمەڵە ڕێوڕەسم ( اجراءات )، یاسا بڕیاری لەسەر دەدات دادگاش دەیسەپێنێ بەسەر هەر کەسێك کە مەترسی ئەنجام دانی تاوانی لێ دەکرێت بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ئەو مەترسی یە.

لەم پێناسە بۆمان دەردەکەوێت کە خۆچە پارەدان چەند بنەماو جیاکەرەوەی هەیە کە ئەمانەن:

ناوەڕۆکی خۆچە پارەدان ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسی تاوانی یە ( الخطورة الاجرامية ) لە کەسی تاوانبار، واتە: نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی دەبنە ئەنجام دانی تاوان لە دوا ڕۆژدا، بۆیە بەوە جیا دەکرێتەوە لە سزا کەوا

ڕەگەزی ئازاردانی تیادا نیە ( عنصر الایلام )، و ئەگەر تیاشی کەویت لە کاتی زەوت کردنی ئازادی ئەوە مەبەستدار نییە ( غیر مقصود ).

١. سەرچاوەی خۆچە پارەدان، وەك سزاکان، یاسایە کە ئەویش زۆر جار لە یاسای سزادان ئاماژەی بۆ دەکریٚ، لە مانە یاسا سزای عیٚراقی، بەندی ( سەدو سیٚ ) ( المادة ١٠٣ ).
٢. هەڵویٚستیٚکی دادگایی یە ، واتە : ئەبیٚ بڕیاری دادگایی دەربچیٚت سەبارەت بە جیٚ بەجیٚ کردنی و سە پاندنی.
٣. هەڵویٚستە خۆ پاریٚزەکان دەبیٚ بسە پیٚنریٚ بەسەر ئەو کەسەی کە مەترسی تاوانی لیٚ دەکریٚ، بە مەبەستی نەهیٚشتنی ئەو مەترسی یە.
٤. هەڵویٚستیٚکی ئایندەیی یە ( مستقبلي )، چونکە مەبەست لیٚی ڕوونەدانی تاوانە لە دوا ڕۆژدا.
٥. پەیوەست نی یە بە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری ( المسؤولیة الجنائیة ) بۆیە دەتوانریٚت بسە پیٚنریٚ بەسەر کەسانی شیٚت و منداڵان .... هتد.
٦. ماوەکەی دیاری کراو نی یە ، بەڵکو بەردەوام دەبیٚت تا ئەگەری مەترسی تاوانی هەبیٚ.
٧. ئەبیٚ یەکسانی پەیرەو بکریٚت لە جیٚ بەجیٚ کردنی یان سە پاندنی سەبارەت بە هەموو ئەوانەی دەیانگریٚتەوە ( مبدأ المساواة )

**مەرجەکانی خۆچە پارەدان ( شروط التدابیر الاحترازیة )**

بۆ سە پاندنی خۆچە پارەدان بەسەر هەر کەسیٚك، پیٚویستە دوو مەرجی سەرەکی هەبیٚ، کە ئە مانەن:

**١/ تاوانیٚکی پیٚشوو ( الجریمة السابقة )**

مەرجە بۆ ئەوەی هەڵویٚستیٚکی خۆ پاریٚز لە دژی کەسیٚك وەربگیریٚت، ئەو کەسە تاوانیٚکی کردبیٚت، کەواتە دادوەر بۆی نی یە خۆچە پارەدان بسە پیٚنیٚت بەسەر هیچ کەسیٚك ئەگەر تاوانیٚکی ئە نجام نەدابیٚت، هەرچەندە مەترسی کۆمەڵایەتی ( الخطورة الاجتماعیة ) لە پلەیەکی بەرزیش بیٚت ئەمەش لە ترسی زیٚدەڕەوی دادوەر لە بەرکارهیٚنانی دەسەڵاتی و بۆ ڕیٚز گرتنی لە ئازادی هاوڵاتی لە هەمان کاتدا، جا ئەو کەسە بەرپرسیار بیٚت لەو تاوانە یان

بەرپرسیار نەبێت، چونکە کۆڵەکەی مەعنەوی (الركن المعنوي) مەرج نیە کە واتە: دەتوانرێت هەڵوێستی خۆ پارێز لە دژی شێتیش وەربگیرێت.

**٢/ مەترسی تاوانکاری (الخطورة الاجرامية)**

چەند پێناسەیەك هەیە بۆ مەترسی تاوانی، ئەویش بەهۆی ئەو لایەنانەی کە گرنگیانداوە بە دیاری کردنی چەمکی ئەو زاراوەیە، چ لە ڕووی دەروونیەوە بێت یان کۆمەڵایەتیەیەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەترسی تاوانی بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتی یە لە ئەگەری ئە نجام دانی تاوان لە لایەن تاوانبارەوە لە دوارۆژدا.

واتە: تەنها ڕوودانی تاوان بەس نی یە بۆ سە پاندنی خۆچە پارەدان بەڵکو ئەبێ نیشانەو بەڵگە (دلائل وامارات) هەبێ سەبارەت بە ئەگەری ئە نجام دانی تاوان لە لایەن تاوانبار لە دوا ڕۆژدا.

وە لەبەر ئەوەی مەترسی تاوان بارێکی دەروونی شاراوەیە، بۆیە ئەبێ نیشانەو بەڵگە (امارات و دلائل) هەبێ لەسەر بوونی، ئەمیش بە دیار دەکەوێ لەو تاوانەی کە پێشتر ئە نجامی داوەو پێشبینی تاوانبارو هەڵسوکەوتی لە پێش و لەکاتی ئە نجام دانی تاوان و لە دوایی دا وە لە بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەسێتی تاوانبار خۆی، وە جۆری ئەو تاوانەی کە ئەگەری ئە نجام دانی لێ دەکرێ گرنگ نیە، بەڵکو پلەی مەترسییە تاوانی یەکە گرنگە.

وە ئەگەر سەیرێکی یاسای سزایی عێراقی بکەین ئەم مەرجانە بە ڕوون و ئاشکرا دەبینین لە دەقی بەندی (سەدو سێ) برگەی (یەکەم)، کە تیایدا هاتووە نابێ هەڵوێستی خۆپارێز کە یاسا دەقی لەسەر داوە، بسە پێنرێ بەسەر هیچ کەسێ ئەگەر نەسەلمێنرێ کەوا کردارێکی کردووە کە یاسا بە تاوانی دادەنێ و بارودۆخی تاوانبار مەترسی هەیە لەسەر سەلامەتی کۆمەڵگە، وە بارودۆخی تاوانبار (حالتة) مەترسی هەیە لەسەر کۆمەڵگە، ئەگەر دەرکەوت لە بارودۆخی و ڕابردووی و هەڵس و کەوتی و بارودۆخی تاوانەکەی و پاڵنەری ئە نجام دانی، ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێ کەوا تاوانبار دەگەڕێتەوە بۆ ئە نجام دانی تاوانێکی دیکە لەدوا ڕۆژدا.

**جۆرەکانی خۆچە پارەدان (انواع التدابير الاحترازية)**

لەبەر ئەوەی خۆچە پارەدان، لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی دیکە جیاوازیان هەیە، بۆیە باس لە گرنگترین جۆرەکانی دەکەین بە شێوەیەکی گشتی، دوایی لە یاسای سزای عێراقی.

١/ جۆرەکانی خۆچە پارەدان بە پێی بابەتەکەی ( موضوعها )

دابەش دەبێت بە پێی بابەتییەوە بۆ خۆچە پارەدانی کەسی و عەینی ( التدابیر الشخصیة والعینیة ).

خۆچە پارەدانی کەسی دەسە پێنرێتە سەر کەسی تاوانبار، ئەویش دابەش دەبێ بۆ خۆچە پارەدانی زەوت کردنی ئازادی ( الماسة بالحریة ) وەك دانان لە دام و دەزگا چاکسازیە کۆمەڵایەتیەکان یان لە نەخۆشخانەی نەخۆشی یە هۆشیەکان ( الامراض للحریة ) وە خۆچە پارەدانی کەم کردنەوەی ئازادی ( المقیدة للحریة ) وەك دانان لە ژێر چاودێری یان پاسەوانیەتی پۆلیس یان ڕێنەدان بە هاتوو چۆکردنی هەندێ جێگا ( شوێن )، خۆچە پارەدانی زەوت کردنی ماف ( الماسه الحقوق ) ئەویش وەك بێ بەش کردن لە ئە نجام دانی هەندێ ئیش و کار یان ڕێ نەدان بە هەڵگرتنی چەك.

وە خۆچە پارەدانی عەینی دەکەوێتە سەر ئەو شتانەی کە تاوانبار لە ئە نجام دانی تاوانەکەی بەکارهێناوە، لەمانەش مصادەرەو ( المصادره ) داخستنی شوێنی کار ( غلق المحل ).

٢/ جۆرەکانی بە پێی سروشتی یەکەی ( طبیعتها ).

ئەمەش بریتی یە لە خۆچە پارەدانی ڕاهێنانەوە ( التأهیلیة ) و پەککخستن ( التعجیزیة ) و دوو خەرەوە ( الابعادیة )، ڕاهێنەرەوە وە ردەگێردرێت بۆ چارەسەر کردنی تاوانبار ئەگەر نەخۆش بێت یان فێرکردنی پێشەیەك لە کاتی بێ کاری دا.

بەڵام تعجیزی بریتی یە لە دامالێنی تاوانبار لە هەر ئامرازێك کە لەوانەیە تاوانبار بەکاری بهێنێ بۆ ئە نجام دانی تاوانەکەی وەك مصادەرەو داخستنی دام و دەزگا یان خستنە ژێر چاودێری، وە ئیبعادی ئەمەیان هەڵدەستێت بە دوو ر خستنەوە و دابڕینی تاوانبار لەو شوێنەی لەوانەیە، تاوانی تیادا ئە نجام بدات وەك ڕێ نەدان بە مانەوە یان دانیشتن ( الاقامه ) لەو شوێنەی کە تاوانی تیا ئە نجام دەدات.

سەبارەت بە خۆچە پارەدان لـە یاسـا سـزایی عێراقـی دا لـە بەنـدی (سەدوچـار) دا هـاتووە کـە وا هەڵوێسـتە خۆپارێزەکان یان زوەتی ئازادی دەکەن یان کەمی دەکەنەوە یان زەوتی ماف دەکەن یـان مـاددین (التـدابیر السـالبة للحریة والمقیدة او المادیة).

کەواتە سێ جۆر خۆچە پارەدان هەن، هەندێکیان دەبنە هۆی زەوت کردنی ئازادی یان کەم کردنەوەی کە بـریتین لـە عجز کردن لە شوێنی چارەسەر کردن، وەڕێ نەدان بە هاتووچۆکردنی بۆ شوێنی خواردنەوە بێ هۆشـی کارەکـان، ڕێ نەدان بە بەندکراو بە هاتوو چۆ کردن، دوای تەواو بوونی ماوەی سزاکەی، بۆ شوێنێك یان چـەند شـوێنێکی دیـاری کراو، بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە ساڵێك وە زیاتر نەبێت لە ماوەی ئەو سزایەی کە بڕیاری لەسەر دراوە، یان زیاتر نەبێت لە پێنج ساڵ، وە چاودێری کردنی پۆلیس بەڵام خۆچە پارەدانی زەوت کردنی ماف بریتی یـە لـە بـێ بـەش کردنی لە ئە نجام دانی مافی (الولایە الوصایە والقوامە) لەسەر کەسانی دیکە یان لەسەر سامانیان، وە ڕێگە نەدان بە ئە نجام دانی هەندێ ئیش و کار کە ئە نجام دانی دەوەستێتە سەر مۆڵەت دان لە دەسەڵاتی تایبەت بە پێی یاسـا وە لێ سەندنەوەی مۆڵەتی لێ خوڕین هەر کاتێ بڕیار دەربچێ لەسەر کەسێ سەبارەت بـە ئـە نجام دانـی تاوانێـك بەهۆی یەکێ لە ئامرازەکانی گواستنەوەو لە ڕێگەی سەرپێچی کردنی یاسا، دەکـرێ کـە دادوەر بڕیـاڕ بـدات بـەلێ سەندنەوەی مۆڵەتی لێ خوڕین بۆ ماوەیەك کە لە سێ مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت.

خۆچە پارەدانە ماددەییەکان بریتین لەو موسادەرە (المصـادرة) کردنی هەر شتێك کە دەسـتگیر بکـرێ و یـان دروسـت کردنی یان هەڵگرتنی (حیازتها) یان شاردنەوەی (افرازها) یان بەکارهێنانی (اسعمالها) یـان فرۆشـتنی (بیعهـا) یان خستنە بازاڕی (عرضها للبیع) لە خودی خۆیدا بە تاوان دابنرێت ئـەوا دەبـێ مصـادرە بکرێـت ئەگـەر مـولکی تاوانباریش نەبێت یان ئەو کەسە بڕیار نەدرا بە تاوانباریەتی (ادانته)، وە ئەگەر بـەڵێن دان بـە رەفتـار چـاکی (التعهد بحسن السلوك)، واتە: دەبێ بڕیار لەسەر دراو لە کاتی دەرچوونی بڕیارەکە، بەڵێن بنوسێت بە باش کردنی هەڵس و کەوتی بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بە پێی یاسا، وە داخستنی شوێنی کار (غلق المحل)، واتە: دەکـرێ دادگـا بڕیار بدات بە داخستنی ئەو شوێنەی بەکارهاتووە بۆ ئە نجام دانی تاوان بۆ ماوەی دیـاری کـراو لـە یاسـا ئەگـەر تاوانبارەکە بڕیاڕی بەسەر درا بە سزا بۆ ماوەیەك لە پێنج ساڵ زیاتر بێت (واتە تاوانەکەی (الجنایـة أو الجنحـة) بێت، وەستاندنی کەسی مەعنەوی هەڵوەشاندنەوەی (وقف الشخص المعنوي وحله).

**واتە دادگا دەتوانێ کە بڕیار بدات بە وەستاندنی کەسی مەعنەوی بۆ ماوەیەك لە سێ مانگ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت، ئەگەر ( جناية يان جنحة ) یەك ڕوویدات لە یەکێك لە نوێنەرەکانی ئەو کەسە مەعنەویە یان بەڕێوەبەرانی یان وەکیلەکانی، وە سزاکەی زەوت کردنی ئازادی بێت بۆ ماوەی شەش مانگ و زیاتر، وە ئەگەر ئەو ( جنايە يان جحنە )یە دووبارە بۆوە دەکرێت بڕیار بدرێت بە هەڵوەشاندنەوەی کەسی مەعنەوی.**

**ئەمە سەبارەت بەم جۆرە سزا تاوانیانەی کە کە لە بەندیخانەکان جێ بەجێ دەکرێن، واتە: پێویستیان بە شوێنی تایبەت هەیە بۆ جێ بەجێ کردنیان، وە بریتی بوون لە خۆچە پارەدن و سزای زەوت کردنی ئازادی ( العقوبات والتدابير السالبة للحرية )، بەڵام ئامانجەکانی سزای تاوانی کە شێوەیەکی گشتی بریتی یە لە کەم کردنەوەی تاوان و نەهێشتنی، تەنها بە سەپاندنی نایەتەدی، بەڵکو ئەبێ شێوازی جێ بەجێ کردنیشی بە جۆرێکی وابێت کە ئەم ئامانجە بێنێتەدی چ لە ناو دام و دەزگا سزاییەکان بێت یان لە دەرەوەی، کە لە مەو دوا باسی لێوە دەکەین ئەویش لە بابەتی مامەڵەکردنی سزا.**

## سەرچاوەکان:


یەکەم:- سەرچاوە سەرەکیەکان

أ- سەرچاوەی کوردی:

١- کەوسەر احمد خالند وهيمداد مجيد علی ، زانستی سزا، ٢٠٠٥ .

٢- سابير بەکر بوکانی ، تاوانبار و سزا .

٣- هیوا یاسین محمد رەوشی بەندکراوان لە دامەزراوەکانی چاکسازی و کۆمەڵایەتیدا نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، ٢٠١٠ .

٤- مەحەمەد مەعروف عەبدوڵلا، زانستی سزا، وەرگێرانی: کاوانی ئەنوەر مەسیفی، ٢٠١٢.

ب- سەرچاوزەی عەرەبی:

١- د. محمد نجيب حسني ، دروس في علم الاجرام وعلم العقاب،مطبعة جامعة ،القاهرة،١٩٨٢.

٢- د. عبود السراج ، علم الأجرام وعلم العقاب،مطبعة ذات السلاسل،الكويت،١٩٨٥ .

٣- د . محمد معروف عبدالله، علم العقاب ، مطبعة الطباعة المركزية، بغداد،١٩٨٩.

٤- علي احمد جعفر ،فلسفة العقاب والتصدي للجريمة، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر،بيروت، ٢٠٠٦.

٥- زانا احمد بيرداود ،معوقات العمل الأصلاحي في سجون اقليم كردستان العراق، رسالة ماجستير،جامعة صلاح الدين ،كلية الآداب ،قسم علم الاجتماع ،٢٠٠٧.

٦- عبدالجبار عريم، طرق علمية حديثة في اصلاح وتأهيل المجرمين والجانحين، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٧٥.

٧- محمد سيد فهمي، الخدمة الاجتماعية في مجال الجريمة والعقاب، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، ٢٠١٢.

٨- هدى حامد قشقوش، أصول علمي الإجرام والعقاب، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠١٣.

دووەم : سەرچاوە لاوەكيەكان:-

١- محمد شلال العاني والمدرس علي حسن طوالية ، علم الاجرام والعقاب دار المسيرة، عمان ،١٩٩٨

٢- د. عادل يحيى ، مباديء علم العقاب ، شركة ناس للطباعة، القاهرة،٢٠٠٥

٣- د. محمد صبحي نجم ، أصول علم الأجرام والعقاب، دار الثقافة، عمان ،٢٠٠٨

٤- شرين عبدالحميد نبية ،السجون في ميزان العدالة والقانون ، منشأة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٨.

# بابەتی زانستی سزا - قۆناغی چوارەمی بەشی کۆمەڵناسی

مامۆستایی بابەت:

پ. ی. د. زانا أحمد پیرداود

م. ی. روستم صابر مصطفی